# فرمێسك و ئازاری ڕەنگەکان

ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

٢٠١٨ چاپی یەکەم




| ناسنامەی کتێب |
| --- |
| ناوی کتێب: فرمێسك و ئازاری ڕەنگەکان |
| نووسینی: ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی |
| بابەت: سۆسیۆلوجی و هونەری و نەتەوەییە |
| تایپ: ڕێزان ساڵح بارزانی و توێژەر |
| هەڵەچنین: ڕێزان ساڵح بارزانی و توێژەر |
| هێلکاری و نەخشەسازی ناوەوە و بەرگ: توێژەر |
| ساڵی چاپ: ٢٠١٨– چاپی یەکەم – تیراژ: ١٠٠٠ دانە |
| چاپخانەی: سەنگەر |
| لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارە سپاردنی ( ٤٢٣ )ی ساڵی ( ٢٠١٨ )ی پێدراوە. |
| شوێنی نووسین: – هەرێمی کوردستان – دەڤەری بارزان |
| ژمارەی مۆبایلی توێژەر: ٠٧٥٠٤٤٧٢٢٧١ |
| مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ توێژەر |

## لە فرمێسك و ئازاری ڕەنگەکاندا

مەبەستمان ئەوە نیە لەسەر مێژووی هونەری کوردی و میتۆدەکانی کاری هونەری شێوەکاری و پەیکەرتاشی و کاریگەریەکانی بەسەر هونەرەوە بنووسین.

بەڵکو ئەمانەوێ هەست و سۆزی شێوەکاران و پەیکەرتاشان لە هەر چوار پارچەی دابەشکراوی کوردستان و کوردستانیانی هەندەران بخەینە ڕوو، تێکەڵاوبوونی فرمێسك و ئازاری شێوەکاران بە ڕەنگ و فڵچەکانیانەوە، ئەنفال و جینۆساید و کیمیاباران و تاوانە دژ بە مرۆڤایەتیەکانی تر لە دیدو دیدگای هونەرمەندانی شێوەکارەوە ببینین و بناسین.

من وەکو توێژەرێکی کۆمەڵایەتی و کوڕە باوك جینۆسایدکراوێکی بارزانی بێ گوێدانە بیروباوەری سیاسی و ئاینی و ناوچەیی و عەشایەرگەری ئەم کارەم ئەنجامداوە، تەنها مەبەستم کارێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی و مرۆڤ دۆستییە.

من شێوەکار نیم و پسپۆڕیش نیم لەم بوارەدا، تەنها ڕاپرسیەکی ئەلکترۆنیم ئەنجام داوە لە شێوەی ناردنی نامە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك بۆ هونەرمەندانی شێوەکار و پەیکەرتاش بە مەبەستی گەیشتن بەم گرێمانەی خوارەوە:

**١- ئایا شێوەکارانیش ویستویانە کات و ساتی خۆیان تەرخان بکەن بەرامبەر بە تاوانەکان و تا چەند توانیویانە بە فڵچە و ڕەنگەکانیان ئەم تاوانانە بخەنە ڕوو؟**

**٢- ئایا هونەرمەندێکی شێوەکار و پەیکەرتاشی کورد لە ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا، باکوور ئاگایان لە ئازاری کوردانی باشوور هەبووە، بە پێچەوانەشەوە؟**

لەم توێژینەوەیەدا (٩٩) نامە نێردراون بۆ هونەرمەندانی شێوەکار، (٧٠) نامە وەڵامیان هەبووە، ئەوانی تر بێ وەڵام بوون، ئەم بێ وەڵامیەش چەند ئەگەرێك ئەخاتە ڕوو، ئایا نامەکەیان نەبینیوە، یاخۆد پێیان نەگەیشتووە، یاخۆد ویستی وەڵام دانەوەیان نەبووە، یان بەهەر هۆکارێکی تر.

لەکۆی(٧٠) نامەی وەڵامدەرەوە، (٥٧) هونەرمەندی شێوەکار، کاریان لەسەر ئەم تاوانانە کردووە تابلۆ و بەرهەم و شێوەی جۆراو جۆریان هەبووە، کە گوزارشت لە تاوانەکانی ئەنفال و جینۆساید و کیمیاباران و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی دەکەن، هەرچی ژمارەی ترە (١٣) شێوەکار، هیچ کارێکیان لەم بوارەدا ئەنجام نەداوە، بەڵام زۆربەیان وادەی ئەوەیان داوە کە لە داهاتوودا کار لەسەر ئەم تاوانانە بکەن. چەند هونەرمەندێکی شێوەکاریش لە ماوەی ڕاپرسیەکەدا هەوڵیان داو و تابلۆیان لەم بوارەدا دروستکرد و بەشداربوون لەم ئەلبوومە شێوەکارییەدا.

من دوای ئەوەی ئاڵودەی ژیان و شێوە و کاری شێوەکاران بووم بەراستی ژیانێکی خۆش و پڕ لە واتاو جوانیە، ئەرکی ئەوان قورسە و کاری ئەوان نیشتیمانی و نەتەوەییە، تاکە تابلۆیەك ئەتوانێ هەموو جیهان بهێنێتە زمان و زمانی ئەوان بۆ هەمووانە.

ئەمەی لە لاپەڕەکانی داهاتووی ئەم ئەلبومە شێوەکارییە ئەبینن کار و بەرهەمی (٥٧) شێوەکار و پەیکەرتاشی کورد و کوردستانە لە سەرانسەری

دونیا، كارەكانیان گوزارشت لە زوڵم و زۆردای و گەلێكی ستەمدیدە دەكەن، جوانیەكانی (مرۆڤ و خاك و شروشت) لەم نیشتیمانەدا لە نێوبراون و سراونەتەوەو ئەنفال و كیمیاباران و جینۆسایدكراوان، مرۆڤەكان زیندەبەچاڵ كراون لە سێدارەدراون بە بێ دادگا، جوانیەكانی مرۆڤیان لەم خاكەدا شێواندووە، تاوان و زۆرداری و ئەشكەنجە و زیندانی و ڕاگواستن بەرامبەر بە مرۆڤ كراوە و كلتور و فەرهەنگ و ئاین و یاسا و بەها بەرز و پیرۆزەكانی مرۆڤ سراونەتەوە.

خاكەكەمان دابەشكراوە و لەنێوبراوە، سروشتەكەمان سوتێنراوە و شێوێندراوە ئەمانە و سەدان جوانی تر ناشرینكراون لە لایەن نەیارانی كورد و كوردستانەوە.

**ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی**
**توێژەری كۆمەڵایەتی**

## پرسی توێژینەوە

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی و ئەکادیمی و کۆمەڵایەتی بەرلەوەی توێژینەوەی لە سەر ئەنجام بدرێت گرفتێکە لەلای توێژەر گەڵاڵە بووە، ئەم گرفتە وا دەکات کە توێژەر هانبدات بۆ ئەوەی توێژینەوەی لەسەر بکات.

پرسی ئەم توێژینەوەیەش لەوەوە سەری هەڵداوە کە تا چەند شێوە و تابلۆ و پەیکەر و هەست و سۆزی هونەرمەندانی شێوەکار و پەیکەرتاش توانیوویانە دەمامکە شاراوەکان و ڕووی ڕاستەقینەی تاوانەکان بخەنە ڕوو.

## گرینگی توێژینەوە

هەنگاوێکە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی ئەم تاوانانە بە زمانێکی گشتگیر و سادە و ساکار کە تەنانەت نەخوێندەوارانیش بە پێی ئەندازەی وردبینی و تیژبینی خۆیان تێدەگەن و شرۆڤەی دەکەن.

## ئامانجی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی سەرەکی ناساندنی جینۆساید و هەموو تاوانەکانی تری دژ بە کورد و کوردستانە کە سەردەمانێك مرۆڤ و خاکی کوردستان بە دەستیەوە دەینالاند، چەند پێشنیار و ڕاسپاردە بۆ چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی کێشە و گرفتی شێوەکاران و پەیکەر

تاشان بۆ ئەوەی بتوانن بە باشترین و مەزنترین شێوە كار بكەن بۆ ناساندنی جینۆسایدی كورد و كوردستان.

## نموونەی هەڵبژێردراو

هەڵبژاردنی نموونە بە قۆناغێكی گرنگی پرۆسەی ئەنجامدانی توێژینەوە دادەنرێت و خستنەڕوو و وەسفكردنی تایبەتمەندیەكانی نموونە بە یەكێك لە شتە زۆر پێویستەكان لە قەڵەم دەدرێت بە تایبەتی لە توێژینەوە مەیدانیەكاندا. كە دەرئەنجامی سەركەوتن و هەرەسهێنانی توێژینەوەكەی لەسەر بەندە، نموونەی توێژینەوەش بە ڕێژەیی گوزارشت لە كۆی كۆمەڵە دەكات كە توێژەر دەیەوێ لێیان بكۆڵێتەوە.

نموونە -عەینە- (Sample) واتە هەڵبژاردنی ڕێژەیەكی دیاریكراو لە شتێك یان دەرهێنانی ڕێژەیەكی دیاریكراوە لە تاكەكانی كۆمەڵگای لێكۆڵڕاو واتە نموونەیەك هەڵبژێری (ئەگەر كەمیش بێت) وێنەی سەرجەم كۆمەڵەكە تێیدا دەربكەوێ، دیراسەكردنی گشت یەكەكانی كۆمەڵ پێویستی بە توانا و ماوەیەكی زۆر هەیە، بۆیە توێژەران ناچارن بەشێك لە كۆمەڵ وەرگرن.

لەم توێژینەوەیەدا نموونەی (تۆپەڵە بەفری سەراولێژ) هەڵبژێردراوە لە نێوان جۆرەكانی نموونە بۆ توێژینەوەی كۆمەڵگای باسەكە. نموونەی تۆپەڵە بەفری سەراولێژ یەكێكە لە جۆرەكانی نموونەی مەبەستدار، كە ئەم جۆرە وەك ئەوە وایە كە تۆپەڵە بەفرێك لە سەرەوە بۆ خوارەوە

سەراولێژ دەکرێت و لە ئەنجامی ئەوەدا بەرەبەرە گەورە دەبێت. ئەم جۆرە نموونەیە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٧١ لەلایەن زانای ئەمریکی (تینهوتن) بەکارهێنراوە.

توێژەر سەرەتا لە تاکە کەسێکەوە دەست پێدەکات کە پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیە و زانیاریەکانی لێوەردەگرێت، ئەمە وەك خاڵی دەسپێك یا تۆپەڵە بەفرە بچوکەکە سەیر دەکرێت، دواتر پرسیار لەو کەسە دەکرێت کە کێی تر پەیوەندی بە هەمان بابەتەوە هەیە، بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت تا دەگاتە رادەی پێویست.

ئێمەش بەم شێوەیە دەستمان پێکردووە و لە ڕێگای پرسین و گەڕان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك و ماڵپەڕەکانی تایبەت بە شێوەکاران و کەسانی تری دەستکەوتووە، وەرگرتنی نموونەکە لە جۆری نموونەی قەبارە بچوکە (عینە صغیرە الحجم). سنوری توێژینەوەش هەموو کوردێك دەگرێتەوە لە هەر کوێیەکی دونیا بن، ساڵی ٢٠١٤ ماوەی ئەنجامدانی توێژینەوەکەیە.

**دوای وەرگرتنەوەی تابلۆكان و بیرورای و بەرهەمی شێوەكاران و پەیكەرتاشان گەیشتینە ئەو ئەنجامەی كە پەیكەرتاش و شێوەكارانیش بە پێی توانا هەوڵیان داوە بۆ ناساندنی ئەم تاوانانە، كارێكی گەورەشیان كردووە، چونكە زمانی وێنەكانیان جیهانیە و هەموو مرۆڤێك تێدەگات.**

## ئەنجامەكان:

**١- سەبارەت بە گریمانەی یەكەم:**

**ئایا شێوەكارانیش ویستویانە كات و ساتی خۆیان تەرخان بكەن بەرامبەر بە تاوانەكان و تا چەند توانییانە بە فڵچە و ڕەنگەكانیان ئەم تاوانانە بخەنە ڕوو؟**

بەڵێ شێوەكاران كارێكی گەورەیان كردووە، كاری ئەوان لە نووسێنێكی ئەكادیمی و چەندین كتێب و ڕاپۆرتی تێر و تەسەلی ڕۆژنامەوانی تایبەت بەم تاوانانە كەمتر نەبووە و بگرە زیاتریش بووە، چونكە نووسینەكان چەند كەسێك ئەتوانن بیخوێننەوە تێ بگەن و زمانی نووسینەكان (یەك دوو سێ) چەند زمانێك تێپەر ناكات، بەڵام تابلۆ شێوەكارییەكان هەموو خەڵك تێ دەگات و بۆ هەموو جیهانە تەنانەت نەخوێندەوارانیش لە هەست و سۆزی تابلۆكە ئەگەن بە پێی پێویست.

**٢- ئایا هونەرمەندێكی پەیكەرتاش و شێوەكاری كورد لە ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا، باكور ئاگایان لە ئازاری كوردانی باشور هەبووە، بە پێچەوانەشەوە؟**

ئەم تاوانانە هێندە گەورەن، کوردانی هەر چوار پارچە ئازاریان چەشتووە و گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە تاوانەکان تەنیا هی خاوەنەکەی نین و راستە تاوانەکان لە چەند ناوچە و شارێك ئەنجامدران، بەڵام سەرانسەری کوردستانی گەورە و کوردانی دەرەوەش هەستیان بەم ئازارە نەتەوەیی و نیشتیمانیە کردووە و هاوخەم و هاوسۆزی برا هاونیشتیمانی و هاوزمان و هاوخاك و هاوکلتورەکەیان بوونە و ئازاری منێکی باوك جینۆسایدکراوی بارزانی ئازاری کوڕێکی باوك ئەنفالکراو باوك کیمیاباران کراو بووە، ئازاری بارزان ئازاری گەرمیان و بادینان و سەردەشت و شنگال و دیاربەکر و دێرسیم و کوبانێ و ... هەر چوار پارچەی کوردستان بووە.

## پێشنیار و ڕاسپاردە:

١- حكومەتی هەرێمی كوردستان هەوڵبدات سەنتەرێكی نێونەتەوەیی تایبەت بە شێوەكاران و پەیكەرتاشان بكاتەوە بۆ (جینۆسایدی كوردستان) و ببێتە ماڵێك بو ئاشنابوونی شێوەكارانی جیهان بە هونەری شێوەكاری كورد و كوردستان و تێگەیشتن لەو تاوان و زوڵمانەی بەسەر كوردستاندا هاتووە بە درێژایی مێژوو.

٢- گرنگی بە شێوەكاران و پەیكەرتاشان بدرێت و كارو بەرهەم و تابلۆكانیان بەپێی پێوەری ماندی بوونیان هەڵبسەنگێندرێت و رێز لە ئەرك و ماندووبونیان بگرێت.

٣- هاوكاری شێوەكاران و پەیكەرتاشان بكرێت لە خەرجی و مەسروفات و پێداویستیەكانیان و كارو بەرهەمەكانیان و بە جوانترین شێوە بڵاو بكرێنەوە.

٤- هەموومان هەوڵبدەین ئاشنایی هونەری شێوەكاری بین بەهەموو جۆرەكانیەوە، چونكە یەكێكە لە تەوەرە سەرەكیەكانی ناساندنی كلتور و داب و نەریت و فەرهەنگ و سروشت و جوانی كوردستانی بە جیهانی دەرەوە ئەم جگە لە نیشاندانی تاوان و زولم و زوردارییەكان.

٥- زۆربەی شێوەكاران سەرەرای كارەكەیان پیشەی تر ئەنجام دەدەن ئەمەش بەهۆی نەبوونی هاوكاری و سپونسەر بۆ بەرهەمەكانیان، پێویستە حكومەت و كەرتی تایبەت هەوڵبدەن و پالپشتی ماددی و مەعنەویان بكەن، بۆ ئەوەی بژێوی ژیانی شێوەكاران و پەیكەرتاشان خۆش بكەن و تاكو تەنیا بەم ئەركەیان هەستن و گرنگی بە كارەكانیان بدەن و بەردەوامبن، چونكە

نــەبوونی سەرچــاوەیەکی مــادی و مەعنــەوی بــاش بــۆ شــێوەکاران و پەیکەرتاشان کاریگەری هەیە لە سەر کارو بەرهەمەکانیان و بگرە هەندێك لـە شێوەکاران وازیان لە پیشەکانیان هێنـاوە بـە هـۆی نـەبوونی مـاوە و کـات و سەرقالبوونیان بە پیشەی ترەوە.

٦- میدیاکان بە تایبەت کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان گرنگی تەواو بەم بوارە بدەن.

٧- پەیکەرتاشـانیش کـار و بەرهـەمی جوانیـان هەیـە، بـەڵام پێویسـتان بـە هاوکـاری و جێگـا و شـوێن هەیـە بـۆ ئـەوەی بتـوانن خزمـەت بـە وڵاتەکـەیان بکـەن، شـەقامە گشـتیەکان و دەروازە و مینۆمێنـت و بەرهەمـەکانی تـری پەیکەرتاشــی بــە هونەرمەنــدی پەیکەرتاشــی خۆمــان رابســپێردرێت نــەك پەیکەرتاشانی بیانی، دڵنیاین لەوەی ئێمە زیاتر لە ئازاری خۆمان دەگەین.

٨- لە قۆناغەکانی خوێندندا بەرهەمی چەند شێوکارێکی کورد و کوردستان و ژیاننامەیان بخوێندرێت.

.




ئاشتی مهدی محمد

ناسراو: ئاشتی گەرمیانی
شوێنی لە دایک بوون: کەرکووک - کوردستان - عێراق
ناونیشان: کەرکووك . کوردستان. عێراق
تەلەفوون: ٠٧٥٠٨١٧٢٩٧٦
ئیمەیل: shegani_66@hotmail.com
Facbook: ashti shegani
www.web.ashtiart.com

ئەندامێتی:
ئەندامی هونەرمەندانی کوردستانە
ئەندامی نەقابەی هونەرمەندانی عێراقی یە
ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە
ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامە نوسانی کوردستانە

ئەندامی هونەرمەندانی ڕۆژئاوای هۆڵەندایە
ئەندامی ART IN ACTION لە شاری رۆتردام .. هۆڵەندا
ئەندامی AIDA NEDERLAND لە شاری ئەمستردام. هۆڵەندا
ئەندامی K.I.A لە شاری بریدا . هۆڵەندا
ئەندامی هونەرمەندانی شاری رۆزنداڵ . هۆڵەندا
ئەندامی دەستەی سایتی چرا تیڤی یە . دەنهاخ، هۆڵەندا
ئەندامی كارگێڕی كۆمەڵەی كەلتووری كوردی یە لە شارەوانی مۆردایك، هۆڵەندا

خولەكان:

١٩٨١-١٩٨٦ پەیمانگای هونەرە جوانەكانی شاری سلێمانی .كوردستانی عێراق تەواو كردوە.
١٩٩٩ دبلۆمی H B O ی هونەری لە شاری بریدا ی هۆڵەندا وەرگرتووە.
٢٠٠٥ سیرتیڤی كات لە میدیای هۆڵەندا بەشی ڕاگەیاندن و بڵاوكردنەوە.
١٩٩٩ خوولی تەكنیكی ئۆتۆمۆبیلی لە هۆڵەندا تەواو كردووە
٢٠٠٣ تەكنیكی ئۆتۆمۆبیلی vw bto 151
تەكنیكی ئۆتۆمۆبیلی bto 75 وە تەكنیكی ئۆتۆمۆبیلی vw bto 15.3
سێ جار سیرتی فی كاتی هۆڵەندی لە خوولی ئۆتۆمۆبیلی فولكس ڤاكن وەرگرتووە لە شاری لویسدم .هۆڵەندا.

# ژووری ئەنفالکراوەکان

دەربڕین لەو ژوورانە دەکەن کە کوردە ئەنفالکراوەکان بۆ تۆپزاوا و نوگرە سەلمان و عەرعەر براون، ئەمە پاشماوەی ئەو جلانەیە کە ژنە کوردەکان کوژراون یان خۆیان کوشت لەم ژوورانەدا.

ناوی تابلۆ: ژووری ئەنفالکراوان / کەرەستە: کەرەستەی تێکەڵاو

پێوانە: ١٢٠ سم بە ١ مەتر / ڕەنگەکان: ئەکریلیك



# پاشماوەی جلەكانمان

پاشماوەی جل وبەرگی ئەو مرۆڤانەن كە لە شاڵاوەكانی ئەنفالدا دەست بەسەر كران و بەرەو بیابانەكان بردیانیان وە ژێر خۆڵ كران و دواتر لە گۆڕە بە كۆمەڵەكان دوزرانەوە.

ناوی تابلۆ: پاشماوەی جلەكانمان / كەرەستە : كەرەستەی تێكەڵاو

قەبارە: ١ مەتر بە ١٢٠ سم / ڕەنگەكان : سپری وە ڕەنگی ڕۆنی

ساڵی درووستكردن: ٢٠١٠ / بۆ مەراسیمی ڕوفاتی ئەنفالەكان لە چەمچەماڵ



# کیژۆڵە کوردەکان لە چیاکانەوە بەرەو بیابان

ناوی تابلۆ: کیژۆڵە کوردەکان لە چیاکانەوە بەرەو بیابان
پێوانە : ٧٠ سم بە ١ مەتر / کەرەستە: کەرەستەی تێکەڵاو
ڕەنگەکان: سپری وە ئەکریلیك / ساڵی درووستکردن : ٢٠١٠



# تەنها پێڵاوەكان بەجێمان

ناوی تابلۆ: تەنها پێڵاوەكان بەجێمان
قەبارە : ٦٠ سم بە ١ مەتر / ڕەنگەكان : سپری و ئەكریلیك
كەرەستە : كەرەستەی تێكەڵاو / ساڵی دروست كردن : ٢٠١٠



# دەرگاكەی ماڵمان

ئەنفال كردنی مرۆڤەكان واتە ئەنفال كردنی دەرگاكانی ناو ماڵمان، هەر بۆیە قوفڵی دەرگای ماڵەكەمانیشیان ئەنفال كرد.

ناوی تابلۆ: دەرگاكەی ماڵمان / كەرەستە : دارو ئاسن

قەبارە : ٥٠ بە ٣٠ سم / ڕەنگەكان: ئەكریلیك/ ساڵی دروستكردن : ٢٠١٣





شەوبۆ شمس الدینی

شەوبۆ شمس الدینی لە ساڵی ١٩٨٨ لە شاری مەهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە. خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریوسە لە هونەر و شێوەکاری لە زانکۆی مارلیک لە باکوری ئێران ماوەی٧ ساڵە کاری شێوەکاری دەکات.

لە سەر ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە لەم شارانەی ئێران بۆ ئەم مەبەستە پێشانگای داناوە. * تاران ٢٠١١ *نۆشەر ٢٠١٠ *تەورێز ٢٠١٢ مەهاباد ٢٠١٢-٢٠١١

# سەردەشت

ناوی تابلۆ: سەردەشت
٢٠٠٩
سایز ١٠٠ ١٢٠
تێکنیک acrylic oil color



## هەڵەبجە (عومەر خاوەر)

ناوی تابلۆ: هەڵەبجە - عومەر خاوەری، ساڵی دروستکردن: ٢٠١٠- سایز: ١٠٠-١٢٠ - تێکنیک: acrylic-oil color




**ئەنفال**

سایز(١٠٠×٢٠٠)- تێکنیک: mixed media



# هەڵەبجە

هەڵەبجە
ساڵی دروستکردن: ٢٠٠٩
سایز : ١٠٠سم ١٢٠ سم
تێکنیک acrylic oil color



# هەڵەبجە

هەڵەبجە
ساڵی دروستکردن: ٢٠١٢
سایز ١٠٠ ـ ١٠٠ سم
تێکنیک: mixed media



# kobani-کوبانی - shangal-شنگال




هەرێم جمال طاهر

ناو: هەرێم جمال طاهر
ساڵی لەدایك بوون: ١٩٨٦/٩/١ لە هەڵەبجەی شەهید
دەرچووی کۆلێجی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سلێمانی ساڵی ٢٠١١، بەشی شێوەکاری، ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی سلێمانیە.
چالاکییەکان:
دوو پێشانگای تایبەت لە شاری هەڵەبجەو سلێمانی ٢٠ پێشانگای هاوبەش لە شارەکانی هەڵەبجە و سلێمانی و هەولێر و بغداد، پرۆژەیەکی دیواربەندی لە شاری هەڵەبجە، کتێبێکی وەرگێراوی هەیە لە فارسیەوە بۆ کوردی بەڵام هێشتا لە چاپ نەدراوە
ساڵی ٢٠١٢ خەڵاتی پێشبرکێی ڤیستیڤالی شێوەکاری وەرگرتووە لە سلیمانی.

# كۆرەو

ناوی تابلۆ: كۆرەو
مادەی بەكارهاتوو: ڕەنگی ڕۆنی لەسەر كانفاس
قیاس: ١٥٠- ١٠٠ سم
ساڵی دروست كردن: ٢٠١٣

باس لەو كۆرەوە دەكا كە وەك دیارە هەندێ خەڵك و هاوڵاتی لە ڕێگادا دەمردن و ناچاربوون كە هەر لەوێدا بنێژرێن، لەم كۆرەوەدا منداڵ و گەورە و پیر و پەككەوتە، هەموویان ئاوارەبوون و زۆرێك لە خەڵكان دایك و باوكیان گرتووە بە كۆڵەوە و وایان لێدەهات كە بەردێكی ڕەق بكەنە سەرین و لە سەری بخەون.



# داستانی هەڵەبجە

ناوی تابلۆ: داستانی هەڵەبجە
مادەی بەکارهاتوو: ڕەنگی ڕۆنی + وەتەر بروف لەسەر کانفاس
قەبارە: 110x90 سم
ساڵی دروستکردن: ٢٠١١

باس لە ساتە وەختی کیمیابارنی هەڵەبجە دەکات. وەك ئەڵێن کە بۆنی کیمیاویەکە بۆنی سێوی هەبووە بۆیە من هاتووم لە بڕی کیمیاوی سێوم بەکار هێناوە و هەروەها پێڵاوی بە جێماوی خەڵکی تیایە کە ڕەنگە نەیانتوانیبێ بگەڕێنەوە بۆی، چونکە دایکم هەمان شتی بەسەر هاتبوو، ئەی وت: نەعلەکانم لە پێ داکەوت نەمتوانی بگەڕێمەوە بۆی.
هەروەها ئەو ٢ کەسە سپییە لە ناوەڕاستا وەک نوێنەری روحیانەتی شەهیدانن هەروەها ٣ سێوی گەورەم بەکار هێناوە بۆ مانگی ٣ کە کارەساتەکەی تیا ڕوی دا.
هەروەها ئەو سێوە دەبینن کە چی کردووە لەو کەللە سەرە و کاریگەری چەکی کیمیاوی دەردەخات.


Harem Jamal
110x90 cm
2011

## دایکێکی گەرمیانی

وێنەی دایکێکی گەرمیانیە، خەلکی کەلارە، چاوەڕێی کورە ئەنفالکراوەکەی دەکات.

پێوانەی تابلۆ: ١٠٠ بە ٧٥ سم

بە رەنگی ڕۆنی کراوە، ساڵی ٢٠١٤





پوشیا کاکەیی


Twenty Five Years After The Genocide:
25 FACES
This exhibit features sketches that symbolize the anniversary of the genocide that took place in Kurdistan twenty-five years ago. The 25 faces are the martyrs of the genocide as they continually live with us today spiritually. The silhouettes represent the Kurdish experience, contantly shadowing the history of people since 1988.
POSHYA KAKIL
Sponsaered by:
Menistry of Martyr and Anfal Affair's


























ئارەزوو حەسەن صاڵح

ئارەزوو حەسەن صاڵح
دەرچوی پەیمانگای هونەرە جوانەكان ٢٠٠٨
دانیشتوی: صاڵح اغا ـ ڕێگەی خانەقین

# ئەنفالی كورد

ئەم تـابلۆیە باسـی ئەنفالی كـورد ئەكـا كە لە نـاو ئێسكەكان كۆترێ هێلانەی كردووە بێچووەكان داوای شت ئەكەن، دایكیان ئاڵای كوردستانیان بۆ ئەهێنێ لە جیاتی خۆراك، بەو واتایەی (كورد یەكێكی بڕوا سێ زیاد ئەكا)



# ئەنفال و كیمیا باران

باسی دوو چیرۆكی ئەنفال و كیمیا باران ئەكا، ژنێكي كورد ئەگرییێ بە فرمێسكەكانی ئاوی گۆلێك ئەدا ئەو گۆڵەش ئاڵای كوردستانە.



زۆر سوپاس بۆ خاتوونی شێوەکار و خوشکی ئازیز ( ئارەزو حەسەن) بۆ دروستکردنی ئەم وێنەیەی من( ئامادەکاری کتێب- ڕێبوار (کە لە سەر گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکانین).
دەست ڕەنگینێەکی جوانی تیایە و بە تێکەلی چەندین مادەی وەکو خول و دار و سوف و خوری و بۆیە و چەندین شێوازی تر ئەم کارە جیاواز و نایابە ئەنجامدراوە.





سمكۆ ئەحمەد

هونەر لای سمكۆ ئەحمەد (ئازار فڵچەی پێ هەڵگرتم و خۆشەویستیش بەردەوام بوون) جیلی ئێمە ئەو جیلە بوو کە لە نێو تۆزی جەنگەکاندا خەونەکەنمان وون ببوون، دوو بیرەوەری جوان لە ژیانمدا ئاشنایان کردم بە جیهانی ڕەنگ و فۆرم و فەنتازیا، یەکەمیان ئەو ڕۆژەی کە باوکم مرد.

ڕۆژێکـی بەفـراوی ١٩٧٦ بـوو قوتـابی سـەرەتایی بـووم، لە مانـای مـردن نەدەگەشتم، باوکم یادی بەخێر مامۆستایەکی ئەنیق بوو، چەند جۆرێک بۆیاخی پـێڵاوی هەبـوو مـن یەکەم جـار بەو بۆیـاخە ڕەش و زەرد و قـاوەیی یەی پێڵاوەکـانی ئەو وێـنەیەکم کێشـا، دراوسـێ ڕژابـوونە ماڵەکەمـان بە گریـان و هاوار من خەریکی وێنەکێشان بووم.
یەکەمجاریش لە قوتابخانەی قەدەمخێری سەرەتایی مامۆستای وێنەمان داوای لێکردین کارێک بکەین لە مـاڵەوە خۆم ماندوو کرد وێنەی لادێیەکی خۆمانم کێشا زۆر خۆم تیا ماندوو کرد بەس لە باتی دەست خۆشی زللەیەکم خوارد و پێیان ووتم جارێکی تر وەزیفەکەت خۆت بیکە مەیدەرە کەسانی تر. منیش شەرم دایگرتم و بێدەنگ وێنەکەم لە مامۆستاکەم وەرگرتەوە. جاری دووهەم سەرەتای هەشتاکان بوو شەڕی ئێران عێراق لە گەرم بووندا بوو، لەسەر گردی ئەندازیاران کە بەرامبەر ماڵی خۆمان بوو کۆلارەمان هەڵدەدا زۆر عاشقی کۆلارە سپیەکەم بووم کە بە گژ ئاسمانا دەچوو، تۆپبارانی ئێران دەستی پێکرد هەموو ڕایان کرد بۆ ناو کونە تەیارەکان بەس من نەمدەویست دەست بەرداری پەتـی کـۆلارەکەم بـووم لەسـەر گـردەکە هەرمـامەوە و کـۆلارەکەم نوقمی دوکەڵە ڕەشەکەی بۆمبەکان دەبوو کە دەیدا بە بەنزینخانەکەی عەقاری ئەوسا و کارگەی شەکرەکەو هەندێك شوێنی تردا. کۆلارە سپیەکەم وون دەبوو لە دوکەڵە ڕەشـەکەدا و دەهـاتەوە دەرەوە و سپی و بێگەرد سـەمای دەکـرد لەو کـاتەوە جوانترین ڕەنـگ هەتـا ئێسـتاش لام ڕەنگـی سپی یە. جوانی یەکـان لە زەمەنە سەختەکاندا بەهایەکی تریان هەیە لای من .بۆیە خەون و فانتازیای من وەك زۆربەی هونەرمەندەکانی ئەو کاتە لە ئازارەوە دەستیان پێکرد. کارەکـانم بە تـایبەتی ئەوانەی زووم چیـرۆکە ئازاراویەکـانی شـەڕەکانیان لە خـۆ هەڵگرتووە و بەس گەر دیقەت بدەیت هیوا و ئاوات لە سوچێکی هەر کارێکدا هەیە وەك منداڵە کراس سورەکەی سەیری حاجی لەقلەقەکەی شێخەوڵا دەکات، یان میز دەکاتە خودەی سەربازێکەوە، یان تـایە کەی بە دەستەوە یە سـەیری شـاعیر بەکـر عەلـی دەکـات خـۆری لە بـاوەش گرتـوە و سـەیری بـێ لانەکـانی حەمـیەکە دەکـات. مـن دوای چوونم بـۆ یابـان ئاشـتی تـرین ووڵاتـی سەردەمی ئێستا گۆڕانکاریەکی گەورە هەم لە کەسایەتیم و هەم لە کارەکانمدا ڕوی دا، وەك هاروی ئێچیرۆ ڕەخنەسازی یابانی دەڵی ڕەنگ ڕوخساری خۆم تۆ تابلۆکانی داگیر کردم، من لە ساڵی ٢٠٠٠ وە ستایلێکی ترم هەبوو کە تەنها

به ٣ ڕەنگ كارم دەكرد (ڕەش، سپی و سوور) و دوای ئەوەی ئاشنا بووم به هونەری یابانی. هەروەها من لەگەڵ ئەو بۆ چونەدا نیم هونەرمەند دەبێ یەك شێواز بێت هەردەم، هونەر زادەی خەیاڵ و كەسایەتی هونەرمەندەكەیە مادەم ئێمە وەک ئینسان بەردەوام دەگۆڕێین گەر هەستی هونەریمان ڕاستگۆ بێت دەبێ ئەویش بگۆردرێت تا هەستی ڕاستی ئەو ساتەمان بخەینە سەر كانفاسەكەمان. به بڕوای من هونەر وەك گوڵ وایە لە زۆر فۆرم و ڕەنگی جیاوازدا دێنە بەرهەم و هەمووشیان بۆن و بەرامەوە جوانی خۆیان هەیە. بۆیە من ستاێڵەكانم به پێی ئەو سەردەمەی تەمەنم دەگۆڕدرێن و هەر كارێكم باس لە من دەكات لەو سەردەمەی تێیدا ژیاوم. من كارەكانی لەم كوراسەیەدا دامناوون كارە تازەكانمن و به بڕین لەسەر كاغەز فۆرمەكانم دەكەم و دوای لەسەر ڕووبەبەری كانفاسەكەم چەسپی دەكەم و كارەكەم دەكەم، و تا سپی یای كانفاسە ئۆریجناڵەكە به بێگەردی ببێتە تەواوكەری فۆرمی كارەكەم، هەر وەك پێشتر باسم كرد ڕەنگی سپی ڕەنگی منەو سپایی كانفاسەكەم بەشێكی گەورەی فۆرمەكانمن. من زۆر شوێنی حەزین جووم لەم دنیایە بە هۆی كارەكەمەوە هەمــوو زەویە حەزینەكــان گەڕاوم لە هەمــوو كیشــوەرەكانی جیهانــدا لەوشوێنانەی ئازارەكان وائاڵۆسكاون بە ژیانەوە زەحمەتە جیاكردنەوەیان لە یەكدی. بەس بە بڕوای من هێزی جوانی و فانتازیاو و گەڕان به دوای ژیانێكی باشتر خەونی ئێمەی ئینسان بووە هەر لە سەرەتای بوونمانەوە بۆیە دەڵێم بەهار هەرگیز نامرێت.

# Anfal

mix media on canvas
50 x 35 cm



baker ali ok



Spring never dies oil on canvas
130 x 80 cm



# دابڕان



# Genoside

oil on canvas
130x80cm



ianji nawxo oil on canvas 120x75cm 1994



looking for the missing son looking for missing sun



Road 60 af






عونی زاخۆیی

# الابادة الجماعية قرية صوريا

لوحة كرافيك كبيرة... حفر وطبع على الخشب نفذتها سنة ١٩٧٧
قياس٢١٥ x ٢٠٠ سم

اللوحة مجزرة صوريا... صوريا قرية قريبة من مدينة زاخو...جريمة بشعة ارتكبها الحكم البعثي الفاشي بعد ١٤ شهر من حكمهم العراق .. قتل جماعي وقع بعد اذان الفجر في ١٦/٩/١٩٦٩
في هذا التاريخ وقبل شروق الشمس جمع المجرم نائب الضابط عبدالكريم الجحيشي اهالي قرية صوريا جميعهم المسلمين والمسيحيين الاطفال النساء والشيوخ جمع الكل قسوة في زريبة للاغنام وبدأ هو وعساكره المجرمين بأطلاق النار على المسالمين الابرياء الى ان استنفذت كل اسلحة القتل عندهم .. ثم تركوا اشلاء عشرات الشهداء والجرحى فوق بعضها وغادروا المكان.



# الابنية الجاهزة

لوحة الابنية الجاهزة تعبر عن الغرف الانفرادية نفدتها سنة ١٩٧٩ اشتراها مستشار امريكي قبل ٥ اعوام.



# الاعدام

لوحة الاعدام وعنوانها على مائدة عراقية تعبر عن الجرائم البشعة وعن المقاومة نفذتها سنة ١٩٧٩




شوان کەمال

شوان کەمال لە دایکبوی ١٩٦٧ لە گەڕەکی جولەکانی شاری سلێمانی، لە ساڵی ١٩٨٧ بڕوانامەی دبلۆم بە پلەی یەکەم لە هونەری پەیکەرسازی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی لەساڵی ١٩٩١ بڕوانامەی بەکالۆریۆس بە پلەیەکی بەرز لە هونەری پەیکەرسازی لە شاری بەغداد ١٩٩١ بۆ ١٩٩٣ مامۆستای بەشی پەیکەرسازی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی ١٩٩٥ بۆ ٢٠٠٠ فێربون و کارکردن لە دروستکردنی پەیکەر و گەورە کردنی بە نوێترین تەکنیکی جیهانی لە ئەڵمانیا ٢٠٠٠ بۆ ٢٠٠٥ فێربون و کارکردن لە دروستکردنی قاڵب لە لم و سلیکۆن وە دارشتنی پەیکەر لە کانزاکان وەک برۆنز و ئاسن و ئەلەمینیۆم لە ئەڵمانیا ٢٠٠٥ تا ئێستا وەک لێپرسراوی بەشی تەکنیکی کارگەی دروستکردنی پەیکەر لە کانزاکان لە شاری دۆسلدۆرف لە ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٩٥ بۆ ٢٠١٣ دروستکردنی گەلێک پڕۆژەو کاری پەیکەرسازی بۆ ئەڵمانیا و ئەوروپا پێشانگا هونەریەکان ١٩٨٧ پێشانگای تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانە لە سلێمانی ٢٠١١ پێشانگای تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی ٢٠١١ پێشانگای تایبەتی لە هۆڵی میدیا لە هەولێر ١٩٨٣ بۆ ٢٠١٣ بەشداریکردن زیاتر لە ٣٠ پێشانگا لە کوردوستان و عێراق و ئەوروپا و جیهان، لەم پێشانگایانە چەندین خەڵاتی هونەری بەدەست هێناوە.

## گۆری بەکۆمەڵ

پەیکەری ریلیفی گۆری بەکۆمەڵ
لە مادەی برۆنز
بە قەبارەی ٤٠ بە ٢٥ سم.
لە ئەتەلییەی تایبەت لە میدیا هافنی شاری دوسلدۆرف لە ئەلەمانیا



## پەیکەری سیمبولی جینۆساید و کیمیاباران

پەیکەری سیمبولی جینۆساید و کیمیاباران ئەم پەیکەرەم بە ستایڵی خۆم دارشتۆتەوە و لە مادەی ئەلەمنیۆم دروستمکردوەو کاری زۆر وردم تیا کردوە، هەوڵم داوە تواناوەوە تێکەڵبونی رۆح و جەستەی تیادا بەرجەستە بکەم و تا مانایەکی قوڵ ببەخشێت بە بینەرو بینەر هەست بەو ئازارو توانانەوەیە بکات کە کوردی پیادا تێپەڕیوە لە مێژودا ئەم پەیکەرە قەبارەکەی (cm 50x25x15 ) بە مادەی ئەلەمنیۆم هۆخ پۆلێرن کراوە ئەم پەیکەرە وا بڕیار بوو کە بۆ شاری دانهاخ لە ناو پارکی دادگای لاهای دروستی بکەم بە قەبارەی گەورە، بەڵام بەداخەوە ...







هەستیر صالح جمیل

ناو: هەستیر صالح جمیل موالید : ١٩٩٦ خوێندکاری ئامادەیی و فێرخوازی بەشی شێوەکاری سەنتەری چالاکی گەنجانی کەلار بەشداری ٣ پێشانگای هاوبەشی شێوەکاریم لە کەلار و سلێمانی و دەربەندیخان کردووە دانشتووی (کەلار)م.

**دایك**

دایکێك کە ڕۆڵەکانی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون



# پیاوێك تاوانێكی بە سەردا هاتووە





كاوه كافڕۆش

## ئەنفال

بۆیەی أکریلك لەسەر خام، ١٣٠ X ١٩٠cm سالَی دروستکردن ٢٠٠٦





جومعە كەریم

# بیرەوەری پیرەمێردێکی بەجێماوی ئەنفال





چێنەر نزار

## ئەنفال

ئەنفال

پێوانە: ١٥x  ١٢ x ٤٥ / مادە: گەچ – ڕووپۆشی ئاڵتوونی

ساڵی دروستکردن: ٢٠١٣



## ئەنفال

ئەنفال

پێوانە:  ٥ X ٥٠ X ٢٢ /  مادە: ڕەگی دار – زنجیر- بەردی سپی

ساڵی دروستکردن: ٢٠١٣



# سەرکەوتنەوە

سەرکەوتنەوە
مادە : برۆنز
ساڵی دروستکردن: ٢٠١٢
چێنەر نزار





شوكر سعيد



به جێماوی ئەنفال - چاوەروانی






دلوڤان ئاکرێ

ناڤێ من دلوڤان خەلکێ ئاکرێ مە، ل سوید دژیم و کارێ دارتاشی و کارێ هونەری دکەم. تەمەنێ من ٢٥ ساڵە و ١٠ ساڵە ئەز لێرە (سوید) دژیم، خزم و کەسوکارێت من زور هاتنە ئەنفالکرن، ژ بەر ڤێ چەندێ و ژبەر کوردینیێ من ئەڤ پەیکەرێ ئەنفال چێکریە.

# Anfal





خالید ستار

خالید ستار لە دایکبووی ساڵی(١٩٥٤) شاری کەرکوك، دانیشتووی ولاتی سویدە.(٧) پێشانگای تایبەتی کردووتەوە و بەشداری زیاتر لە(٤٠)پێشانگای کردووە.

گشت تابلۆکان بە شێوەیەکی گشتی باس لە ئەنفال و کیمیاباران و تاوانە دژ بە مرۆڤایەتیەکان دەکەن










CHRAKAN.COM










کرکوك


HALABJA
1988



عیماد حەسەن

عیماد حەسەن لە دایكبوون ١٩٧٤ كەركوك، ئەندامی كارای سەندیكای هونەرمەندانی كوردستان/ لقی كەركوك ئەندامی كارای كۆمەڵەی هونەری میلی/ لقی كەركوك ئەندامی سەنتەری جیهانی شێوەكاران لە بەغداد بەرپرسی بەشی شێوەكاری لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری كەركوك.
بەشداریكردنم لە چەندین پێشانگای هاوبەشی شێوەكاری لە شاری كەركوك و چەندین پارێزگاكانی عێراق و بەشداریكردنم لە پێشانگای هاوبەشی شێوەكاری لە وولاتی تونس.

# ئازارو ئەشکەنجە

ئازارو ئەشکەنجە / قیاس: ٥٠*٧٠سم / ڕەنگ: ڕۆنی.

باس لەوە ئەکات نەتەوەی کورد هەرچەند ئازارو ئەشکەجە دراوە لە سەردەمی نیزامی گۆڕبەگۆڕی پێشوو. شێوە دەمووچاوێکی مرۆڤێکی کوردم کردووە وە دەوریم داوە بە ڕەنگی ئاگر وە بە ڕەنگی شین دەوریم داوە ڕەنگی شین لای من نیشانەی خۆشی و ئاسوودەیە.



# کیمیابارانی شارەکان

کیمیابارانی شارەکان
قیاس: ٥٠*٧٠ سم
ڕەنگ: ڕۆنی
کیمیابارانی هەموو شارەکانی کوردستان دەکات بە بێ جیاوازی.





هاوناز عبدالله عبدالكريم

هاوناز عبدالله عبدالكريم
لەدایك بووی ساڵی ١٩٨٦
دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی ساڵی ( ٢٠٠٨ -٢٠٠٩ )
بەشداری سەرجەم فیستیڤاڵەکانی پەیمانگای کردووە
ساڵی ٢٠٠٧ بەشداری لەپێشانگای هاوبەشی تایبەت بە ئەنفال لە مۆزەخانەی نیشتیمانی ئەمنە سوورەکە
ساڵی ٢٠٠٨ پێشانگای تایبەت لە گەلەری زاموا بە ناونیشانی ڕوخسارە پایزییەکان.
ساڵی ٢٠١١بەشداری لە پێشانگای هابەشی یادی دامەزراندنی ڕێکخراوی ژنانی شارەزوور کردووە.







تيبين تحسين

الإسم : تيبين تحسين علي عباس
المواليد ١٩٨٣، السليمانية
الشهادة : دبلوم، معهد الفنون الجميلة السليمانية قسم التشكيلية كرافيك، سنة ٢٠٠٥ ـ ٢٠٠٦
الان مصميم او مدير تنفيذي شركة ميديا بلاس
المعارض والإشتراكات والنشاطات الفنية
١.المعرض السنوي المشترك في مركز الشباب في السليمانية ٢٠٠٠
٢.جميع المعارض السنوية في المعهد الفنون الجميلة في السليمانية ٢٠٠٥ ـ ٢٠٠٤
٣.المعرض المشترك لأحياء ذكرى قصف حلبجة الشهيد سنوات ٢٠٠٣
٤.جميع المعارض المشتركة لأحياء ذكرى الفنان (ثروت س هوز) ٢٠٠٤
٥.المعرض السنوي المشترك في دهوك ٢٠١٠
٦.المعرض المشترك للمعلمين التشكيليين في السليمانية ٢٠١٠
٧.المعرض المشترك منظمة هيوا في السليمانية ٢٠١٠
٨ .المعرض السنوي المشترك في دهوك ٢٠١١
٩.المعرض المشترك منظمة هيوا في السليمانية ـ دهوک ـ اربيل ٢٠١٢
١٠.المعرض المشترك للمعلمين التشكيليين في السليمانية ٢٠١٣
١١.المعرض المشترك ٤٢ فوتوغرافيا في السليمانية ٢٠١٣
١٢.المعرض المشترك ٦٧ التشكيليين في السليمانية ٢٠١٣

# خاکی کوردستانە

ئەم کارە لە (٣) ڕەنگ پێک دێت ڕەنگی سور واتای خوێنی شەهیدان وە ڕەنگی ئاڵتونی واتا ئەو خاکەی ئێمەیە کە هەمووی ئاڵتونە وە ڕەنگی ڕەش ئەگەڕێتەوە بۆ دایکی شەهیدان کە هەتا مردن جلیان ڕەش پۆشە ناوی تابلۆکە خاکی کوردستانە.




گوڵاڵە حەمید ڕەشید

ناوم: گوڵاڵە حەمید ڕەشید
لە دایکبووی شاری کفری ساڵی ١٩٩٢
دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کفریم بەشی شێوەکار- وێنەکێشان ساڵی (٢٠١٢ و ٢٠١٣) بەشداریم لە چەندین پێشانگای هاوبەش کردووە لە پەیمانگاو دەرەوەی پەیمانگا خاوەنی دوو پێشانگای تایبەتم ....

# جینۆسایدی میللەتێكی زیندوو

مەبەستم لەم تابلۆیە هەوڵی جینۆسایدی میللەتێكی زیندووە بە ناوی كورد كە لە لایەن ڕژێمێكی دیكتاتۆرەوە هەوڵی بۆ دەدرا بە چەندین جۆری جیاواز هەوڵی لە ناوبردن جینۆسایدی كورد درا ئەوەی من لێرەدا ئاماژەم پێكردوە شێوازێكی لە ناوبردنی ٣ گەنجە كە بە شێوازێكی دڕندانە مەرگیان ڕووبەڕوو ئەكرێتەوە لەبەر ئەوەی كە كوردن...



# جینۆساید بەرامبەر بەکورد

ئەم تابلۆیەم بە شێوازی تەکعیبی دروستکردووە و مەبەست لەم تابلۆیە باسی جینۆسایدکردنە بەرامبەر بە کورد... منداڵە کە لەژێر ئازاردانی ڕژێمی بەعسە کە بە ئاڵاکە ئەناسرێتەوە و کاتژمێرەکەش باس لەکاتی ڕوودانی جینۆسایدی کورد ئەکات و تیڵبەندەکانیش باس لە ناوی ئەنفال دەکات .





جیلان جەلال

ناو: جیلان جەلال جەعفەر، پەیمانگای هونەرە جوانەکانی تەواو کردووە.

# له ناوبردنی کچان له سەر دەستی ڕژێمی بەعس

ناوی تابلۆ: لەناو بردنی کیژە جوانەکان لەسەر دەستی ڕژێمی بەعس
قەبارەی: ٦٠ بە ٨٠ سم
مادە: ڕەنگی زەیتی یان ڕۆنی فریم
ئەم تابلۆیەم لە ساڵی ٢٠١٢ دروستکردووە




حسين كاكەیی

حسين كاكەیی
بيرو بۆچووونی هونەريم:
ئەم تێكستەم بە كورتی نووسيوە لە سەر بابەتەكە داهێنەر دەبێت لە ئاستی ڕووداوەكاندا ڕەفتار بنوێنێت و بێ دەنگ نەبێت. سەبكی كاركردنی هونەريم ئەگەر چی بە قۆناخی جياوازدا تێپەڕيوە، بەڵام لە ئاستی بەسەرهاتە دڵ تەزێنەكاندا هەوڵم داوە لە چوارچێوەی كەڤاڵەكانمدا بە ڕەنگ و هێل و دەربرين گوزارشت بكەم لە برينی هەڵەبجە و زامی ئەنفال كردنی نەتەوەكەم. نازييە كان ئەو كاتەی ڕوو بەڕوو دەبنەوە لە گەڵ پيكاسۆی هونەرمەند بەرانبەر بە تابلۆی جێرنيكا لێی دەپرسن .. ئەوە تۆيت ئەم تابلۆيەت كێشاوە ..ئە لێت نەخێر من نيم ئێوەن ئەنجامتان داوە ...لە بەر هەندێ بە رووخستن و بەرجەستەكردنی ڕووداوە نەخواستەكان، تۆماركردنيان دڕندە ئەنجامی دەدات و بێ تاوانەكان دەيگێڕنەوە ... من وەكو شێوەكارێک ئەم بابەتەم بە شێوەی فۆرمی رياليزمی وبە هێماو دەربڕين كارم كردووە لە دەرئەنجامدا وەكو پەيامێكی پڕ ئازار بۆ ناڕەزايی دەربڕين و سارێژ كردنی هە ندوكە يە ک لە ئازارو برينەكانمان.
شێوەكار حسێن كاكەيی – بەڵجيكا













والدة يزيدية حنونة - Affectionate Yazidi Mother - میهرەبانی دایکێکی یه زیدی



WAR Casualties8 -Anfal oparations -182 000 Kurds



50x50 3D -Acyilc on canvas -kakayi 2014
جبل سنجار - Sinjar mountain -
جیای شنگال - بۆ خوشك وبرا ئێزیدییه كانمان له جیایي سه ركه شی شنگال



50x50 3D -Acyilc on canvas -kakayi 2014 -Kakayi 2014
انقاذ سنجار - Sinjar Aid - پشتیوانی شنگال



سبايا قرن ٢١ - new painting - tragedy Series N4 - 38x54 cm




Kobani -3D 50X50 Cm -Acrylic on canvas

كۆبانێ لانكی بە رخۆدانی .....هە موو دونیا بە قوربانی



Execution of kurdish rebels 70 x 90 cm -Acrylic on canvas - painting
تیربارانکردنی شۆڕشگێران - ئەکریلیک لە سە رکانڤاس-
إعدام الثوار - أکرليک على قماش-



Acrylic on canvas 60x80 cm تراژیدیای شنگال Sinjar Tragedyتراجيديا سنجار





دڵشاد بەهادین

* دڵشاد بەهادین عەبدوڵڵا
*لەدایك بووی ساڵی ١٩٧٤ سلێمانی.
*ساڵی ١٩٩٠ بۆ ١٩٩٦ كاری مۆسیقا و گۆرا نی كردوە.
*ساڵی ٢٠٠٧ گەلەری زاموا یەكەمین پێشانگای تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانە سلێمانی بۆ كردۆتەوە .
* دووەم پێشانگای تایبەتی (ڕەنگی مۆسیقا) ساڵی ٢٠١٢ بەڕێوەبەرایەتی هونەری شێوەكاری سلێمانی بۆی كردۆتەوە لەگەلەری مۆزەخانەی سلێمانی.
*لەساڵی ١٩٩٧ تا ٢٠١٤ بەشداری زیاترلە (٩٠) پێشانگای هاوبەشی ناوەوە و دەروەی كوردستانی كردوە .
*تابلۆكانی زۆربەی كراوەتە بەرگی كتێب وگۆڤارەكان.
* ٣ تابلۆی كراوەتە كارت لە وڵاتی ئەڵمانیاو ئێران وتوركیا.
*مۆتیڤی بۆزۆرك لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكان و كتێبی شیعر كردووە.
*ئێستا بەڕێوەبەری گەلەری زاموایە لە سلێمانی.




مێژوو/ 2005 قەبارە/ 4040 ناوی تابلۆ/ئەنفال کەرستە/تێکە ڵ لەسەر ئیمدی ئیف


dilshadbahadin 50*70
anfal 2003






acrylic.anvas 20*60

dlshad bahadin 2004



acrylic.anvas 20*60

dlshad bahadin 2004



ئە كریلك لەسەر بەرد دەموچاوێكی ئەنفال 2004 — دڵشاد بەهادین



گرافیك 40*60 — بۆ هەڵبجە — دڵشاد بەهادین 2010



ڕۆژگار کەمال

ڕۆژگار کەمال
لە سلێمانی لەدایك بوومە و سێ شەهادەم لە هونەری سیرامیکدا هێناوە
- پەیمانگای هونەرە جوانەکانم تەواو کردووە
- کۆلێجی هونەرە جوانەکانم تەواو کردووە
- ماستەرم بە دەست هێناوە لە هەمان بواردا
- بەشداری زیاتر لە ٤٠ پێشانگای هاوبەشم کردووە
- لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان، خاوەنی سێ پێشانگای تایبەتیم.

## لە فرمێسکەوە بۆ هیوا

بەرزی کارەکە ٧٠ سم و کارە هونەرییەکە کارێکی سیرامیکییە مانای کارەکە لە فرمێسکەوە بۆ هیوا





سەربەست خەسرەو عارف
ئەم وێنەی خۆم، لە ساڵی ٢٠١٢ لە سەفەری گەڕانەوە بە پێ بۆ کوردستان، پڕۆژەکەم شکستی خوارد و دوای ٢٧ کیلۆمەتر ڕێکردن بە خاکی ئەڵماندا... گەڕامەوە وڵاتی نەرویج... بەو پڕۆژەیەم خوازیار بووم پەیامی بە نەتەوەبوونی کورد بە گوێی جیهان و پەرلەمانی ئەوروپادا بدەم و بیگەیەنم بە سەرۆک. بەداخەوە هێشتا لە شکستدا دەژیم.

سەربەست خەسرەو عارف لە دایک بووی ساڵی ١٩٦٣ لە شاری سلێمانی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دوایش پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەمان شارم خوێندووە و ساڵی ١٩٨١ تا ١٩٨٦ بەشی شێوەکاریم تەواو کردووە، لەهەمان دواساڵی تەواوکردنی پەیمانگا، تاوەکو ساڵی ١٩٨٨ لە وڵاتی ئێران و ساڵی ٨٨تا ساڵی ١٩٩١ پەنابەر بووم لە پاکستان. لەساڵی ١٩٩١ تاوەکو ئێستا ٢٠١١ پەنابەر و ناسنامەی نەرویجیم هەیە و دانیشتووی وڵاتی نەرویجم، خێزانەکەم بولغارییە و دوو کوڕم هەیە، گەورەکەیان گۆران و کوڕی بچوکم میرۆی ناوە، بە درێژایی ژیانی هەندەران ئەم کتێبانە و ئەم پێشانگایانەی خوارەوەم بە ئەنجام گەیاندووە و من خاوەنی ئەم کتێبانەم :

١- مانای هونەر - وەرگێران- لە نوسینی جوانناسی ئیگلیز هەربەرت ڕید
٢- چەمكەكانی جوانناسی- وەرگێڕان- لە نوسینی فەیلەسوفی ئیتالی بیندیتۆ كرۆسە .
٣- هەڵبژاردەی بەرهەمەكانی بافلۆف- وەرگێڕان- دووكتێبە و یەكەمیان گەیشتووە بە چاپ، نوسینی خ.كۆشتۆ یانتز.
٤- هەستە سەرڕەشەكان- كورتە چیرۆک، نوسینی خۆم .
٥- پەیامی خواكان بەشی یەكەم، ڕۆمان- نوسینی خۆم .
٦- پەیامی خواكان-بەشی دووەم-نووسینی خۆم.
٧- ئازادی لەعیشق پیرۆزترە- چیرۆک- نوسینی خۆم.
٨- بەسەرهاتێک لە ستۆنگ هەنجس- ڕۆمان-نوسینی خۆم.
٩- حەوت پێشانگام لە وڵاتی نەرویج و یەک لە هۆلاند كردۆتەوە.
١٠- خاوەنی ئەم گەلەرییەم لە ئەنتەر نێت -:www.welcome.to/sarbast
١١- ڕۆمانی عیشقی بێ وڵات -ڕۆمان-بە زمانی نەرویجی نوسراوە و نەمگەیاندووە بە چاپ .
١٢- خواكان لە مەترسیدان- ڕۆمان- بە زمانی نەرویجی نوسراوە و نەمگەیاندووە بە چاپ
١٣- مێشێک لە كۆچدا- كورتە چیرۆک- بە زمانی نەرویجی نوسراوەو نەمگەیاندووە بە چاپ .
١٤- پەیامی مژدەی گەڕانەوە و شكست، كاری تیادا دەكەم بۆ چاپ
١٥- كتێبی ڕەنگ، نوسینی یوهانز ئیتن، وەرگێڕان لە فارسییەوە و كاری تیادا دەكەم بۆ چاپ.
١٦- كۆكردنەوەی دەقەكانی فەیسبووک و ئامانجی بە چاپ گەیاندنیان .

بە درێژایی ساڵانی ژیانی هەندەران كارم كردووە و لەم بوارانەدا چالاک بووم، كۆرسی وێنەكێشانم ڕابەری كردووە بۆ كەسانی بەتەمەن و ئاكادیمیست. لەبواری یاریدەی كۆمەڵایەتیدا، لەگەڵ پەنابەراندا وەک وەرگێر كارم كردووە. ئەندامی پاڵێوراوی شاربووم بۆ ماوەی سێ ساڵ كە ڕۆڵی داوەرم بینیوە. لەگەڵ منداڵان كارم كردووە .. وەرگێڕانیش كاری دووەمم بووە، بەڵام لە زۆر بواری تریشدا كارم كردووە وەک لە چێشتخانە و كارگەو قەسابخانەو پیزا و مامۆستای كەسانی داكەوتوو.. دوایین كارم لە كارگەی

بسکویت دا کارمەند بووم، ئەوەی ئێستا لە کوردستان چاوەڕوانی دەکەم بریتییە لە کارکردن لە بواری کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوی لاوان و دەتوانم لەهەر بوارێکی کۆمەڵایەتیدا کار بکەم، من کەسێکم خۆم خۆمم پەروەردە کردووە، دەتوانم بە کۆمپیوتەر بەرنامەی ورد بەکار بەرم، لە بواری دەروونناسی و کۆمەڵایەتی و زانستی جوانناسیدا بە توانام. خۆم بە کەسێک دەزانم کە ڕۆژئاوا ناس و لە ئەدەبی جیهانیدا شارەزاییم هەیە، شارەزایی زمان زمانی ئینگلیزی بە گفتووگۆ باشم و بە نوسین و خوێندنەوە باش نیم. زمانی نەرویجی دەزانم و دەتوانم کاری وەرگێڕانی پێ بکەم و ئاخاوتنم تەواو باشە. زمانی عەرەبی دەزانم، بەڵام ٢٧ ساڵە پێی نەدواوم و کێشەم کەمە لە ئاخاوتندا و خوێندنەوە و نوسینم باشە، زمانی فارسی، زمانی کتێب و وەرگێڕان باشم و ئاخاوتنم باش نییە و٢٥ ساڵە قسەم پێ نەکردووە توانامەندیی ئێستام لە کوردستان و پڕۆژەی هاتنەوەم بۆ ناو میللەت حەز دەکەم وانە بڵێمەوە بە هەموو قوتابیان و قوتابخانەیەک... کۆمەڵێک وانەی جوان ناسی و ئەدەبی و هونەریم پێیە و حەز دەکەم خۆم بە میللەت بناسێنم و بێمە سەرمێز لەگەڵ قوتابیانی قوتابخانەکان و مامۆستای کورد، چونکە قەیرانی ئێستای پەروەردە، ناچاری کردووم کە کوردستان جێ نەیەڵمەوە و حەز دەکەم وانە دەربارەی مامۆستاو قوتابی بڵێمەوە.. یان وانەی کەسێتی مامۆستایەکی سەرکەوتوو.. یان وانەی ڕەسەنایەتی هونەر و کۆمەڵگە... یان هەر وانەیەکی سەر بە ئاکار و ئایین و هونەرو جوانی.. بەوە شانازی بە خۆمەوە دەکەم کە خۆم بە نمایندەی زمانێکی شایستە و ئەدەبێکی تایبەت بە خۆم دەبینم و باوەڕی من هەڵقوڵاوی خوردبوونەوەی ٣٠ سی ساڵ ئەزموونە لە بواری هزرگەرایی و جوانناسی و ئینتیمای مرۆڤ بۆ نەتەوە و هونەر و عەشق و ئازادی ... وانەکانم سودمەند دەبن بۆ مامۆستای کورد و قوتابیانی نەوەی داهاتوو. هیوادارم بە سودی ئێوەبم و ڕێگەم بدەن وانە بە مامۆستاکان و قوتابیان بڵێمەوە .. تا بتوانین وەچەیەکی جوان بەرهەم بهێنین.

ناونیشان.
فەیسبوک بەناوی Sarbast Khosrow Arif
ژمارەی مۆبایلم : ٠٧٧١٩٠٠٣٨٦٥
ئی مەیل sari-ari@online.no:

## كۆڕەو

ناوی تابلۆ: كۆڕەو
وێنەكێش: سەربەست خەسرەو عارف
ساڵی ١٩٩٤ كێشراوە
مادەی كار: ڕەنگی ئاوی و پاستێل لەسەر كاغەز
قەبارە: ٢٥ بە ٢٥ سم



## ئەو دایكەی جیهانی نایە كۆڵ

تابلۆ: ئەو دایكەی جیهانی نایە كۆڵ/ مادەی كار: ڕەنگی ڕۆن/ قەبارە: ١٥٠. ١٥٠ سم/ وێنەكێش: سەربەست خەسرەو عارف / ساڵی ٢٠٠٣ كێشراوە






سەركەوت حسن كريم

ناوی تەواوم : سەركەوت حسن كريم ، ڕۆژی لە دايك بوون ساڵی ١٩٧٥ بناری بەمۆ. زۆر بەداخەوە گوندەكەمان وەكو هەموو گوند و ناوچەكانيتری كوردستان بێبەش نەبوو لە كوشتن ، ئەشكەنجە و بەعەرەبكردن . لە پاش ڕاگواستنەوەمان بۆ باشوری عێراق و لە يەكێك لە گوندەكانی حلە بۆ ماوەيەك ژيانمان بەسەربرد ، پاشان گەڕاينەوە كوردستان و لە ئۆردوگای زۆرەملەی عەربەت نيشتەجێكراين .خوێندنی سەرەتايی و ناوەنديم لە عەربەت بوو .وە قۆناغی ئامادەيشم لە دواناوەندی دەربەنديخان تەواوكردوە .هەر لە قۆناغی سەرەتاييەوە خوليای هونەر بووم بە تايبەت هونەری شێوەكاری .لە ناوەندی باخەهەنارە بۆ ماوەی ساڵێك بە موحاضر دەرسی هونەريم دەگوتەوە .ساڵی ١٩٩٨ ڕووم لە وولاتی ئەڵمانيا كرد .بۆ زياتر برەودان بە هونەرەكەم ، لە زانكۆ بەشی هونەری شێوەكاريم خوێند و ئێستا خاوەنی بڕوانامەی دبلۆمم لەو بوارەدا .لە ئەوروپا خاوەنی زياد لە ١٢ پێشانگای تايبەت و بە دەيان پێشانگای هاوبەشم .ئەندامی كۆمەڵەی هونەرمەندانی جيهانم وە ئەنداميشم لە ڕێكخراوی هونەرمەندانی . Zwickau زۆر بە داخەوە هەتا ئێستا لە

کوردستان هیچ دەرفەتێکی ئەوتۆم بۆ نەڕەخسا تا لە و بوارەدا چالاکیم هەبێت، بەڵام ئومێد دەکەم لە ئایندەیەکی نزیکدا کارەکانم بهێنمەوە کوردستانی خۆشەویست.

تابلۆکان:

هەرسێ تابلۆکە گوزارشت لە جینۆساید و ئەنفال و کیمیاباران دەکات. پێشکەشیشن بە هەڵەبجە و بادینان و گەرمیان وسەردەشت و هەموو کوردستان.

ئەم جۆرە کارانە واتا Expressionismus لە فۆرم دەرچون و تێکشکاندنی هێڵەکان و ڕەنگ وەکو سومبول بەکار هێنان ، دەتوانم بڵێم ناخی شێوەکارەکە بە تەواوەتی لە بەردەم وەڵامی ئەو هەموو پرسیارانەدا هەتا ئێستا ووشە نەیتوانیوە گوزارشتیان لێبکات ئەو بەتاڵیان دەکاتەوە.

# غەمی ئێمە

غەمی ئێمە واتایەکی ڕوونی هەیە، ئەویش وشەی ئێمە مەبەستم لە هەموو گەلی کوردە. ئەگەر مرۆڤێك لەسەر بناغەی کوردبوون تاوانی بەرامبەر بکرێت، مالّی بەسەردا بڕوخێت و بکوژرێت دەبێت ئایندەی ئێمە چیبێت لەکاتێکدا ئێمەش هەر ئەوین./ قەبارە: 70x100 سم / پێکهاتە: بە ڕەنگی زەیتی لەسەر قوماش.



## ماچ لەگەڵ شەودا

وەك لـە دیمەنەکـەدا دەبینرێـت دەموچـاوێکی تاریـك بەسـەر دەموچـاوێکی ڕوونەوەیە، لە سەر لێوانیان هێمایەکی ( نێگەتیڤ) بە ڕەنگی سور کە هێمایە بۆ ئاگادار بوونەوە، نەخێر وە هەڵە، چونکە هەرچەندە شەو ئارامبێت و لە باوەشیدا بە هێمنی بتخەوێنێت، دەبێت ئەوەش لە یاد نەکەی هەر لە ژێر پرچی ڕەشی قەترانی و باوەشی ئەودا تاوان کاران خۆیان حەشار دەدەن و خەوی یەك شەومان لێدەکەن بە خەوێکی هەتاهەتای! قەبارە: 70x100 سم / پێکهاتە: بە ڕەنگی زەیتی لەسەر قوماش.



# ژانی دایك

لێرەدا دایك مەبەست لە نیشتمانە، ئەو نیشتمانەی وا مێژوویەك لە تاوان سوریكرد./ قەبارە: 70x100 سم / پێكهاتە: بە ڕەنگی زەیتی لەسەر قوماش.





عبدالمطلب گەردی

عبدالمطلب گەردی

من تاكو ئێستا ٧ پێشانگای تایبەتیم كردۆتەوە بەشداری زیاتر لە ٥٠ پێشانگام كردوە ئەندامی سەندیكای هونەرمەندانی كوردستانم وە بەرپرسی هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شێوەكاریم- هۆڵی میدیا وە ساڵانێك كاری دیكۆرم كردوە لە kt.v ، من لە دایك بووی ١٩٦٨م لە هەولێر.

# ئەنفال

ناوی تابلۆ: ئەنفال
پێکهاتە: خام بە ئەکریلك
قەبارە: ١٠٠×٩٠ سم



# ئەنفال

ناوی تابلۆ: ئەنفال
پێكهاتە:خام بە ئەكریلك
قەبارە: ١٠٠×٩٠ سم





فائزه فاتحی

من فائزه فاتحی و تەمەنم۲۳ ساڵ
لیسانس مهندسی شهرسازی
خەڵكی سنەی ڕۆژهەڵاتی كوردستانم
حدود ۱۰ ساڵە كاری شێوەكاری دە كەم، ئەم دوو كارە تەكنیكی قدیمی لە هونەری شێوەكاریە بەناوی چاپی دستی فلز، من لە ساڵی پێشو شێوەكانم لە ڤیستیڤالی سازمانی یونسكو انتخاب بو كە بۆ كیمیابارانی هە ڵەبجە بۆ.

# ڕەنجی ژنانی کوردە

ڕەنجی ژنانی کوردە لە زەمانی جەنگ وسەختی گەل و ژینیان لە ڤیستیڤالی بین المللی جوانان گرگان پلەی بەرزی بە دەستهێناوە.



## ژنی کورد

ژنی کوردە لە ئاوارەیی
لــە ڤیســتیڤالی لــە ڤیســتیڤالی بــین المللــی جوانــان گرگــان پــلەی بەرزی بە دەستهێناوە.





ساكار فاروق مجيد عبدالله شێوەكار
دانيشتوى شارى سلێمانى

Artst/sakar farwq majed. Artist of Iraqi Kurdistan. I was born in 1977 in Salmaniya She graduated from the Institute of Fine Arts, 1997 painting. It member artists Association 1998. Many local, Arab and international. Local activities.

Participate in all the local fairs (murals - Ladies - art and peace - and motive - Asia - Coral - Halabja - Mustafa Abbas Ali - and teachers - and Dohuk Gallery - Galeries Zamoa) : Work exhibition Sakar Farouk the tower Hall. Oversee a children's gallery, a children a permanent decorations. Participate in the workshop and exhibition for the environment. Design graphics Motive for newspapers, writers and notification . Subscribe to show violence against women International activities : Participate in the exhibition of murals in the hall of Media Center (French tdc Joint exhibition of INSAT Hall Media Center Media (French tdc Participate in the project and vision of the artist gallery in the French city of Lille Participate in an exhibition of artists Asia / Biennale Gala / in Tokyo in Japan Participate in the project and look at the artist and the gallery's vision of women in Stockholm, Sweden Participate in the exhibition to akrad in Britain as Iraq forgotten storr .

# روخسارە ونبووەکانی ئەنفال

تابلۆ: روخسارە ونبووەکانی ئەنفال کە تێیدا کۆمەڵێ روخسار بە دەوری تابلۆدا کێشراوە لە ناوەڕاست دوو روخساری عاشق و ونبووی ئەنفال.
قەبارە: ٤٠ بە ٤٠ سم
مادەی بەکارهاتوو: اکریلك



# ئەنفال چیرۆكی خەم و ترسی ئەنفال

تابلۆی: ئەنفال چیرۆكی خەم و ترسی ئەنفال ئەو كاتانەی ژنان جیاكراونەتەوە لە پیاوان سەرەتایەكی نادیاری ئەنفالی روح و لادێكان
قەبارە: ٤٠/٤٠ سم
مادە: اكریلك



# هەڵەبجە و سێوەكانی

تـابلۆ: هەڵەبجـە و سـێوەكـانی  هێمـای ٥ سـێو هێمـای ٥  هـەزار كـەسـی نێـو کیمیاباران ئەو ڕۆژە مەرگی تەنها مرۆڤەكان نەبوو بەڵكو مەرگی باڵندەكان و گیاندارەكانیش بوو.

مادەی بەكارهاتوو: اكريلك

قەبارە: ٥٠/٤٠ سم



# خەوی مەرگ لە هەڵەبجە

قەبارە: ٤٠/٤٠ سم، مادە: اکریلك و قماش لەسەر تەختە



لەگەڵ تابلۆی پێشوو تەواوکەری یەکترن بۆ هەڵەبجەیە / قەبارە: ٤٠/٤٠ سم
مادە: اکریلك. بە داخەوە ئەم کارە لە مەزاری هەڵەبجە سوتێنران .



دوو پۆستەر بۆ هەڵەبجە و ئەنفال قەبارە: ٧٠ بە ٥٠ سم، کولاج حبر سپی






ئەمەشیان كە خۆمی تیام لە كاتی كاركردنە و كارێكی ئەنفال وەك كەرنەڤاڵێك لە جادەی سالم قەبارە ٥ مەتر بە ١٥ مەتر .





ڕەنج محەمەد

شێوەکار: ڕەنج محەمەد پیرۆت
ساڵی ١٩٨٣ – لە ڕانیە لەدایکبووە، ساڵی ٢٠٠٨ پەیمانگای هونەرەجوانەکانی لە ڕانیە تەواو کردووە. ساڵی ٢٠١٢ کۆلێژی هونەری تەواو کردووە لە زانکۆی سلێمانی، بەشداری ١٦ پێشانگای هاوبەشی کردووە ، بەشداری کردووە لە گەلەری هونەر لە ڕانیە، دەستەی دامەزرێنەری گرووپی ( Art One )ە، خاوەنی دوو بڕوانامەی ڕێز لێنانە، ئێستا مامۆستایە لەپەیمانگای هونەرەجوانەکانی ڕانیە.

**ژێدەر و واتاکان**

بەدیهێنەر لەم قۆناغی پیادەکردنی کاری هونەریدا (کە ئەم کارە هونەریە نمونەیەتی) پیادەی بە ئامانج کردنێکی ئیستاتیکی و تەکنیکی ئازاد دەکات لە هەموو جەستەیەکی ماددی دیاریکراو، بەمەش فۆرمەکانی هەڵدەکشێن بەرەو جۆرێك لە ئایدیالیزمی دوورە دەست لە هەر ماددی بونێك چونکە نێو دنیایەکی

وەها گەراِن و بنكۆل كردنێكی قوڵ و زۆر لە نێو خودی بە دیهێنەر خۆیدا پێویستە لەلایەك، هاوكات لە بونیادی دەقی بینەییدا لە لایەكی تر، ئەم سەرباری مەودای ئەم دورە دەستیە، ناوەڕۆكێكی رۆحی لە دەقدا شاردۆتەوە، لە ڕێی زوبانێكی پەتی بەدەر لەهەر یەكەیەكی دیاریكراو نیشانەیەكی هەستی لە میانی كارە هونەرییەكەدا. بەڵام دەكرێت هەست بە گێرانەوەی ئامادە بوونی ئەو ژێدەرانە بكەین كە خاوەن سیمایەكی ژینگەیین، یا ئەو ژێدەرانەی كە تایبەتمەندێتیە كەلەپوریەكان لە خۆدەگرن، لە گەورەكردن وسادەكردنەوە و سەرلەنوێ ئەبستراكت كردنەوەی یەكە زەخرەفییەكانی كە فەرش و قاڵی و بەڕە ... چنراوە، خۆجێیەكانی تردا هەیە، یاخود ئەمە ستونییەكانی وەك درەخت، خانو لە لادێ و گوندەكاندا، بەهاو زەمەنی زنجیرەی چیاكان، تا دەگاتە ئامادەبوونەوەی خودی مرۆڤ خۆی لە سروشت.

## بێ ناونیشان

- ناوی تابلۆ: بێ ناونیشان - ماتریاڵ: ماتڕیاڵی جیاواز - ساڵی وەدیهێنان: ٢٠١١ -٢٠١٢ز - پێوانە: ٢٠٠ x ٢٠٠ سم - خاوەنداریەتی: كۆلێژی هونەر - شێوەكار: ڕەنج محمد پیرۆت





ناسك ناسح عمر

ناوم: ناسك ناسح عمر خورشيد
له دايك بووى : ١٩٨٩ له شارى سلێمانى، ئێستاش دانيشتوى شارى سلێمانيم.
خوێندكارى قۆناغى ٥ پەيمانگاى هونەره جوانەكانى سلێمانى، بەشى سيراميك
فۆتۆ جۆرناليزم - شهادة امركي ٢٠٠٧
2004_2008 ياريزان
كارى شانۆ (ڕۆڵى سەرەكى ) acter ballet dancer

چالاكی ساڵانەی دروست كردنی نحت بە لم ٢٠٠٨-٢٠٠٩، سلێمانی. پێشانگای هاوبەش (فنسنت فان قوخ) ٢٠٠٨، سلێمانی. پێشانگای تایبەتی ٨ی مارس ٢٠٠٨، سلێمانی. پێشانگای هاوبەش فۆتۆ ٢٠١٠ سلێمانی. پێشانگای هاوبەشی لەگەڵ كچە هونەرمەندی عەرەب (لەمیا) ٢٠١٠، سلێمانی.
پێشانگای هاوبەشی ڕەسم (٢٠١٢ سلێمانی – هەولێر ) ڕێكخراوی یۆنامی 2012- خاوەنی بیرۆكەی فاشیۆن بۆ هێنانە ناوەوەی بۆ ناو كوردستان، كرایە بەرنامە لە شێوەی پێشبركێ بۆ كەسانی بەهرەمەند، كاری جداری هاوبەش ڕێكخراوی یۆنامی ڕێكی خستبوو ٢٠١٣ لە سلێمانی.

## كۆمەڵكوژی و كیمیایی باران

شێوەی كارەكە لە تەقینەوەیەكی چەكی كۆمەڵكوژ و كیمیایی باران ئەچێت، بەڵام هەركەسێك وەك چۆن ئەتوانین بڵێین خاوەنی دنیای خۆیەتی هەرواش تێروانینی جیاواز ئەبێت و شتێك و خاڵێكی كاریگەری زاكیرەی بیر ئەكەوێتەوە یاخود بیروبۆچوونی ئەشێت جیاواز بێت لەسەر كارەكە، بەڵام بە شێوەیەكی گشتی وەك چەكی كۆمەڵكوژە هەر وەك چۆن بەرامبەر كورد بەكار هاتووە و قوربانی دان و بووەتە مێژویەكی ناخۆشی كورد هەر وەك ئەنفال كراوان.







حسین عەلی ڕەشید

حسین عەلی ڕەشید
لە دایكبووی ساڵی ١٩٦٠ كەركوك.
دەرچوی كۆلێژی هونەرە جوانەكانی بەغدا.
ساڵی ١٩٨٥ ماموستا بووە لە پەیمانگای هونەرە جوانەكانی سلێمانی.
خاوەنی(٥) پێشانگای تایبەتە و لە (٣٧) پێشانگای هاوبەشیدا بەشداری كردووە.
چەندین بڕوانامەی ڕێزلێنانی پێ بەخشراوە، مەدالیای مافی مرۆڤ لە ڕێكخراوی لارسا پێ بەخشراوە

# تراجیدیای جیاکردنەوەی پیاوان لە ژنان

تابلۆیەکی ئاوییە: باسی تراجیدیای جیاکردنەوەی پیاوان لە ژنان لە ناو زیندانی تۆبزاوا ئەکات. منداڵەکە ترساوە باوەشی کردووە بە دایکەکەیدا وە ئەگرێ بۆ باوکی و کچە گەورەکە بەسەر جامانی باوکی ئەگرێ، ئەزانێ ئیترناگەڕێتەوەو باوکیان نابینن./ قەبارەی تابلۆ: ٦٠×٤٠ سم



# ژنە ئەنفالێك

پەیكەری ژنە ئەنفالێكە منالّەكەی مردووە لە باوەشی خۆی و كچەكەی بۆی ئەگرین نازانن چی بكەن.
قەبارە: ٦٠×٢٠×٢٠ سم



## گەڕان بە دوای خێزانەكەیدا

پەیكەری پیاوێكە ئەگەڕێ بە دوای خێزانەكەی دوای كیمیا بارانی لادێكان
قەبارەی پەیكەرەكە: ٦٠×٢٠×٢٠ سم





کانیاو بەختیار

کانیاو بەختیار
- پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانیی تەواو کردووە (٢٠٠٣-٢٠٠٤).
- بەشداری زیاتر لە ٢٠ پێشانگای هاوبەشی کردووە لە ناو کوردستان.
- ئەندامی سەندیکای هونەرمەندان و ماموستایانە لە سلێمانی.
- ئێستا خوێندکاری قۆناغی ١ سکۆڵی هونەرییە.

# كیمیابارانی هەڵەبجەیە





صابرئالکەیی

- ناو: صابرصالح مەلا (صابر ئالکەیی)
- شوێنی لە دایکبوون: دەڤەری بارزان - گوندی ئالکا.
- مەوالید: ١٩٧٥
- دەستپێکی کاری هونەریم وەکو حەز ١٩٨٣یە.
- ساڵی١٩٨٣دەستم بەکاری ڕەنگ کردووە و زیاتر ڕەنگی زەیتی بەکاردێنم.
- پلەی خوێندەواری شەشی ئامادەیی.
- باوکم لە گەڵ هەشت هەزار پیاوی بارزانی جینۆسایدکراوە.
- کاری هونەریم خورسکە و هە تا ئیستا شەش پێشانگام کردووتەوە.
- سێ خولی فێربوونی شێوەکاریم بەرێوەبردووە.
- شێوازی کارکردنم ریالیزمیە (واقعی).

## گۆڕەبەكۆمەڵەكانی بارزانیەكان لە بیابانەكانی باشووری عێراق



من و ئەو دایکە جەرگ سوتاوە، من واقعی و ئەو دایکەش خەیال، لە سەر دیوار درووستکراوە



**جینۆسایدی بارزانیەکان**
**لە چاوەڕاوانی هێنانەوەی رۆفاتی کەسوکاریان**
لە هەمانکاتدا ئەم تابلویە و هی دواتریش کراوەنەتە بەرگی کتێبك بە ناوی (شەهیدە بێ ناسنامەکان) لە نووسینی ( ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی).







فارس بیبانی

ناڤێ من فارس شەمدین ئیسماعیل و ژدایك بوویێ ١٩٧١ خە لَکی گوندێ بیبانی سە ر ب ناحیا ئە لقوش، ناڤێ من یێ هونەری(فارس بیبانی) یەو ئە ز نها ئەندامێ تیپا ئازادی یا هونەری مە ل قە زا شێخان، من ٢٢ پێشانگەهێت شێوەکاری بێت ڤەکرین ژبلی کارێن دیواری ل قەزا شێخان وگەلەك دەڤەرێن دی پتریا تابلۆیێن من ل سە ر مافێ ئا فرەتێنە ژبلی پشکداریا من دئاهەنگ وهە لکە فتین نەتەویدا وچەندین دیدارێن تلفزیونی وڕۆژناما تیدا پشکدار بویمە.

دە ستپێکا من یا هونەری ل سالا ١٩٨٣ دە مێ ئەز قوتابي ل قۆناغا سەرەتایی دوی دە میدا من پشکداری د پیشانکەهێت قوتابیاندا کر وئەز بومە یێ ئێکی ل سەر قوتابخانین دەڤەری.

## تاوانا شنگالێ

مادە: بویاغا زەیتی/ قەبارە: ١٠٠ بە ٧٠ سم



## بەهێزەكان بێ هێزەكان لە ناو ئەبەن (القوي ياكل الضعيف)

مادە: بویاغا زەیتی/ قەبارە: ١٠٠ بە ٧٠ سم





شرین باران

شرين باران
أفتخر بكورديتي لعدة أسباب مهمة جداً وليست هذه عنصرية ولكن الحقيقة تقال:
- الكوردي شجاع وشهم ومغامر .. والدليل على ذلك الذخم الكبير من الشخصيات الكوردية عبر التاريخ وبعيداً عن العصبية القبلية أو دينية أو قومية ... هذا أولاً
- الكورد مميزون بالاخلاص في مجال العمل والتعامل لدرجة ربما يظنهم الآخرون بأنهم أغبياء ... ولكن أسميها حب العمل وأحترام الذات ... فإذا عملت عملاً فأتقنه ... هذا ثانياً
- الكورد شعب محب للسلام ومتسامح ينسى بسرعة الأذية ... ولا يريدها لأحد كونه ذاق الأمرين عبر تاريخ حافل بالجرائم الأنسانية ضده ... ولكن مازال مؤمن بالأنسانية ... ومؤمن بالعدالة والمساواة والعيش بسلام أنطلاقاً من حبه لأقرب جار ... هذا ثالثاً
- الكورد ماهرون في الحرف اليدوية أنطلاقاً بصناعة البروكار ( بروكار هو أغلى الأقمشة بالعالم ونادرة جداً مصنوع من الحرير والقصب المطلي بالذهب ) ...ماعدا الأحترافية وجمالية الفلكلور من الموسيقا والشعر وغيرها فقد تميز بغناه الحضاري ليمتد لدول مجاورة تستأصل من موسيقاها ومفرداتها اللغوية العميقة ... هذا رابعاً
- الكورد شعب حضاري يتقدم بسرعة ويحافظ على توازنه أيضاً فأينما حل يصنع الحياة ... فأن كان مسلماً فأسلامه متوازن وعميق الأيمان وليس تصنع .... فهو مؤمن بالبناء والمثال على ذلك تجربة كوردستان العراق ... فرغم الظروف القاهرة والصعبة فهو ما زال يبني ويبني ولا يحطم وهذا هو قمة الحضارة ... هذا خامساً
- الكورد شعب أصيل متمسك بالعادات والتقاليد واللغة والتزاوج فيما بينهم لأنه مؤمن بالبقاء ... رغم صعوبة أبقاء ذلك لشعب عانى الأمرين وخلطه مع المجتمعات الأخرى وقمعه لعدم حلول ذلك ... وخاصة عندما مجرد أن تفكر بأربع مئة سنة ... فهي كانت كافية بأن تفنيه من الوجود ... هذا سادساً وسابعاً وثامناً ووووإذا أحببتم أن تضيفوا أشياء أخرى... ومن يحب قوميته وشعبه لابد أن يحترم القوميات والشعوب الأخرة ...

اليوم حصلت على دبلوم عقد الاندماج في المجتمع الفرنسي هذا الدبلوم هو أحد خطوات الجنسية وليس هذا هو حديثي ....
وسط الحاضرين من العرب المغرب والجزائر وأحدهم من أسرائيل وأخرى من أفريقيا والهند ... الكل لهم دولة وعلم ...
طلبوا من كل واحد منا أن نريهم علمنا ونشرح ماذا يعني
وهنا كنت أمام حيرة أحدها بأنني سورية والجميع كانو بأنتظاري والعلم السوري
ولكن الحقيقة هي بأن العلم هو الشعور القومي الذي يمثلك وعموماً لم أرى علمي بين تلك الأعلام
فسارعت للأنترنيت وخرجت علمي وشرحت لهم ماذا يعني علمي هو أجمل علم وشعبي هو شعب السلام وله كيان وأرض ولكن أبداً عاش محتل وذليل ولا أحد أعترف به وبالعكس نعتنا بالخونة ونحن لم نخن أنها أرضنا وأرض أجدادنا من قبل والمحتل عاش فينا لدرجة أن نخشى أن نظهر علمنا
وعندما خرجت علمي الكل أنصدم وأصفرت بعض الوجوه كانوا ينتظرون العلم السوري
وعندما خرجت علمي سألتني ماهذا العلم ولأي دولة ...فقلت لها هذا علم الكورد والكورد بلا دولة
وشرحت لها بالتفصيل ماذا تعني كل لون منها فبدت أعجابها بعلمي لأن كل شي فيه جميل وذو معنى أنساني...

# الحرية

الحرية كانت جميلة كحلم وردي ... لو كنا نستحقها .... نحن شعب حفاة عراة ... ومشتتين



اتوق لهطول المطر ولكن ربما الظروف منعتها ولكن سيهطل يا صديقتي وسيشرق قوس قزح في روحنا بالوانها الكوردية ... اعرف تلك الوحدة القاسية لاننا في بلدنا أغراب وفي الغربة مثقلين بالجراح ... ليتني كنت طير اطير اليك واغني لك وازيل عنك الهموم ولكن انتي تستطيعين المجي وانا في انتظارك.



## الوحدة الكوردية

هذه اللوحة رسمتها قبل ثمانية سنوات كنت ارسم عن الوضع الكوردي ومازال الوضع مستمر على نفس الصورة ومازال الامل موجود في الوحدة الكوردية.



my work is name kurdistan yan neman
size 80 x100

اربعة نساء واحدهم تحلق في السماء فترقص والاخرى كسرت القيود وذهبت لتحلق والاخرى تود ان تلحق بهم ولكنها مقيدة والاخرة مقيدة تماما والرقص هنا بمعنى الحرية وطبعا كلهم يرتدون الزي الكردي وهم اربع نساء ؟؟؟؟

هذه اللوحة رسمتها ب٢٠٠٦ بمشروع تخرجي وايضا كررتها مرة اخرى فالكردي يعشق الحرية منذ نعومة اظافره.



# الحرية



## الشهيد

هم باقون ولو أخذوا الجسد ...فالجسد فاني والروح باقية ...
لوحة أسمها (الشهيد) رسمتها في دمشق ٢٠٠٥ ..



# السلام العالم

هذه اللوحة عن السلام العالم وحماية الطفولة والتخلص من الاستبداد متعلقة بأمنا كوردستان.



عندما رسمت هذه اللوحة كنت أرسم عن شنكال وأزين الألم بألوان قزحية تليق بشنكال
واليوم أرى بأنني كنت على صواب عندما تحررت شنكال من قذارة همج العصر
مبروك للشعب الكوردي أنتصاراته وعاشت البيشمركة البواسل بكل فصائلهم وعاش القائد العظيم سروك مسعود برزاني.



## عرس الشهيد

لوحة بعنوان (عرس الشهيد) قياس اللوحة ٧٠*٦٠ سم





صباح محی الدین زەهاوی

## ئەنفال ـ ژیان لە ئەشكەوتەكان

قەبارە: ٥٠ سم × ٥٠ سم - ڕەنگ: زەیتی



**ئەنفال – ژیان لە ئەشکەوتەکان**

قەبارە: ٥٠ سم × ٥٠ سم

ڕەنگ: زەیتی





ئیبراهیم زۆراب

ئیبراهیم زۆراب
ساڵی لەدایکبون: ١٩٨١
شوێن: هەڵەبجە ـ کوردستان
دەرچوی کۆلێژی هونەر- زانکۆی سلێمانی ساڵی ( ٢٠٠٥ ـ ٢٠٠٦) دەستەی دامەزرێنەری پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەڵەبجە ساڵی (٢٠٠٦-٢٠٠٧).
ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان، خاوەنی هەرسێ لۆگوی (زانکۆی هەڵەبجە ـ یانەی وەرزشی هەڵەبجە ـ قوتابخانەی تۆپی پێی هەڵەبجە).
خاوەنی دوو پێشانکای تایبەتە ساڵانی (٢٠٠٠ و ٢٠٠٣) بەشداری(١٨) پیشانگای هاوبەشی کردووە. بەشداری پرۆژەی خۆری ڕەشپۆش بۆ(١٢٤) شێوەکاری هەرچوار پارچەی کوردستان ( ٢٠٠٥) لە سلێمانی کردووە. بەشداری پرۆژەی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە ساڵی(٢٠٠٨) لە هەڵەبجە کردووە. بەشداری پێشانکای شەش شێوەکاری هەڵەبجە لەبەغداد ساڵی (٢٠١٠) کردووە. ئێستاش مامۆستای بەشی شێوەکاریە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەڵەبجە.

ئەم تابلۆیانە، قەبارەیان ٦٠سم × ٧٠سم
كەرەستەی بەكارهاتوو بۆ سەرجەمیان ڕەنكی روونی لە سەر كانفاس
بەڵام تابلۆكان هیچ ناویكیان نیە.













سیروان عزیز

## منداڵێکی کوردی بە جێماوی ئەنفال و کیمیابارانی کوردستان

ڕەنگی روونی لە سەر قوماش



## شەهید لیلی قاسم؛ شەهید نامریت لەدڵی مللەتدا دەژیت

تیکستی سروودی(ئەی رەقیب)م تیدا نوسیووە، هەروەها بەوردی وێنەی ئەنفال و جینۆسایدم تیدا کردووە.
ڕەنگی روونی و ئەکرولیك لە سەر قوماش




IN
REMEMBRANCE OF
THE VICTIMS OF
HALABJA
&
ANFAL
GENOCIDE
LIGHT A CANDLE
IN YOUR WINDOW
WE
FORGIVE
BUT
NEVER
FORGET


IN
REMEMBRANCE OF
THE VICTIMS OF
HALABJA
&
ANFAL
GENOCIDE
LIGHT A CANDLE
IN YOUR WINDOW
WE
FORGIVE
BUT
NEVER
FORGET

پرنت لەسەر قوماش دەربرینی نارەزایی دژ بەئەنفال و جینۆساید و کوشتنی میللەت









**چەند تابلۆیەك لە سەر هەڵەبجە و کیمیابارانی گەلی کورد و کوردستان**

ڕەنگی روونی لەسەر تەختە، بەکارهێنانی ڕۆژنامەی کوردی کەلەسەر ئەو تاوانە نوسراوە وەك تیکستێك بخاتە نیو تابلۆکە، واتە تابلوکە وەك چیرۆکێك دەتوانین بیخوینینەوە.





ڕەنگی روونی لەسەر تەختەو بەکارهێنانی ڕۆژنامە



**كۆشتنی بەكۆمەڵ- ئەنفال -ی كورد و كوشتنی هاوڵاتیانی كورد.**

جۆری ئەنتاگلیو پرنت لەسەر لاپەرە




SIRWAN
2008





نەورۆز شەهاب

نـەورۆز شـەهاب دەرچـووی پـەیمانگـای هونـەرە جوانـەکان سـاڵی ١٩٩٩ ئـەکادیمیای هونـەرە جوانـەکان بەشـی وێنەکیشـانی (سـاڵی ٢٠١٣ - هـەولێر) ئەندامی کـارای سـەندیکای هونەرمەندانی کوردستان، تـا ئیستا (٦) پێشـانگای تایبەتیم کردووتەوە و زیاتر لە (١٠) پیشانگای هاوبەشیش بەشدارم.

تابلۆی **( ئەنفال )ی ١٩٨٨ لە لایەن رژیمی بەعسەوە**، کە پیکهاتووە لە گرتن و کوشتن و ئازاردان و ئەنفال کردنی کوردەکان...
ئەم تابلۆیە بە ڕەنگی رۆنی لەسەر خام کیشراوە، لەسەر ستایلی ریالیزمی ئەکادیمی، بە قەبارەی ٢٥٠ سم × ١٥٠ سم .



**( هەلەبجە ) هاواری ئاسمان و بانگی دەریا...**

بەرەنگی رۆنی لەسەر کانڤاس کیشراوە ، لەسەر ستایلی ریالیزمی ئەکادیمی..
بە قەبارەی ٥٠ سم × ٣٠ سم .



**(گەران بە دوای رۆحە وون بووەکان ) گۆرە بە کۆمەلەکان**

بەڕەنگی رۆنی لەسەر خام کیشراوە ، لەسەر ستایلی ریالیزمی ئەکادیمی، بە قەبارەی ١٥٥ سم × ٨٥ سم




**دایە گیان مەگری ....تکایە رۆحی شەهید ئازار مەدە ... شەهیدەکان لەم دیو ژیانی خواوەندەوە ئارامتر و ئاسودەتر دەژین.**



## دەستێك لە ناو گۆڕی بەكۆمەڵ

بە{ەنگی رۆنی لەسەر كانڤاس، لەسەر ستایلی ریالیزمی ئەكادیمی.
بە قەبارەی ٥٠ سم × ٣٠ سم




ئەڤین کاکەیی

Avin kakeyi ئەڤین کاکە یی
لە دایکبووی شاری کەرکوکە لە ساڵی(١٩٧٩) قۆناغی خوێندنی ئامادەیی لە شاری کەرکوک تە واو کردووە لە کۆتایی ساڵی(١٩٩٨).
لە ساڵی(١٩٩٨)هاوسەرگیری پێکەوە بەستووە لە گەڵ شیوەکار کاکەیی و چووەتە هەندەران لە وڵاتی بەلجیکا نیشتەجێ بووە.
لە بنەماڵەیەکی هونەرکارە پەر وەردە بووە و ساڵ بە ساڵ خولیای دونیای هونەر بووە. چە ندین ساڵە کاری هونەری دەکات و چالاکی هەمە جۆری هەبووە .

# ئەنفال و گۆری بەکۆمەڵ




# لە گۆڕەبەکۆمەڵەکانەوە





تەکنیکي گرافیك ٣٠ بە ٤٠ سم



## مقتل الملائكة في الانفال MONO PRINT ٤٠X٣٠



soft ground etching the masa graves of the kurdish ٤٠x ٣٠
vichtms by anfal genosids by sadam



de anfal الانفال ٤٠X ٣٠mono print





ژیان وەیسی

من ژیان وەیسی خەڵکی گوندی شانەدەرم لە دەڤەری بارزان، لە شاری هەولێر لەدایک بوومە، بە لام لە ئاوارەیی لە ئێران گەورەبوومەو هەر لە ئێرانیش دواناوەندیم تە واو کردیە. لە گلاسگو ـ سکاتلە ند، هونەرم خوێندووە (ئێچ ئێن سی)م وەرگرتیە. HNC Art & Design
ئێستا دانیشتووی هولەندام، بو ئیشەکانم زۆر جار ئیلهامم لە ژیانی خۆمان وەک کورد وەرگرتیە... خەمەکانمان، ئەو زۆلمانەی لێمان کرایە و دەکرێت، بەڵام هەموو ئیشەکانم تاریک و غەمگین نینەو تابلوی روناک و شادیش م هەیە.

ناوی تابلۆ/ title : **ژیان / life**
ئەندازە / size : A2
كولاژی كاغەزی / paper collage
چون دەبێت ناوی تابلۆ، "ژیان" بیت بەڵام پڕ بێت لە كاپول و داپوشرابێت بەخوێن؟ !!
بۆ ئەو كولاژە، ئیلهامم وەرگرتوە لە ژیانی خۆمان، ژیانی كورد ...
ئێمە وەک كورد، هیچ كات دور نەبوینە لەمردن.
كەمناڵمان دەچیتە كۆلان یاری بكات، نازانین ئایا دێتەوە ماڵ بو خواردنی نیوەرو، یان كیمیاباران دەكرێت و هەر لەكۆلان دەمێنێت ؟
كەكور و كچەكانمان دەرونە زانكو، ئایا بۆ پشوو دێنەوە ماڵ سەرمان لێدەن یانیش بەتاوانی كوردبوون، دەیانبەنە زیندان و لەسێدارەیان دەدەن؟؟
كە عەسكەری بەعس، باوكمان، باپیرمان، مام و خال و برا و ئاموزامان دەبات و دەستگیریان دەكات، ئایا دووبارە بە دیتنیان شاد دەبینەوە یان بەزیندوویی لەگۆڕیان دەنێن؟؟؟
ئێمە كوردین، مردن لە پشت سەرمانە، مردن لەبەرامبەرمانە، مردن لە تەنیشتمانە، مردن لەگەڵمانە، ئێمە كوردین، ژیانمان ئالوودەیە بە مردن.
نووسینەكەی دەستی چەپ لەسەرەوە لاپەرەیەک لەفەرهەنگی ئینگلیزی یە، واتای وشەی life / ژیان ی شیكردووتەوە.
لە دە ستی راست لە خوارەوە، لاپەرەیە ک لەفەرهەنگی ئینگلیزی كە واتای وشە ی death / مردن شیدەكاتەوە.
كچەكەی ناو ئەو تابلۆیە، بریندار نیە، ئەگەر باش سەیری كەن، دلۆپە خوێنەكان هی كچەكە نیە، دلۆپە خوێنەكان لە لا بە لای نووسینەكان، واتە لە لابە لای واتای وشەی ژیان دەچكێتە سەر كچەكە، ژیانی پر لەخوێنی ئێمە.
بەڵام كەتو هەموو خوشەویستەكانت لەدەست دا، چون دەتوانی بژی ؟
كە خوشەویسترین كەسانت، جگەرگوشەكانت بەزیندوویی چالكران، تۆ چون دە ژی ؟ كە خوشەویستەكانت لە دەست دا، بەشیک لە توش دەمرێت ...
ئێمە كوردین، ژیانمان ئالوودەیە بەمردن .
تێبینی: لە دوو جێگای ئەو تابلۆیە ئیلیكتروكاردیوگرامم بەكارهێناوە تابلێم تەنیا لەبەر ئەوەی دڵت ئیش دەكات، مانای ئەوەنیە تۆ زیندووی .



ناوی تابلۆ title: **struggle - خەبات**، ئەندازە size: A4 کولاژی کاغەزی paper collage



ناو title : **مردن – death**، ئەندازە size: A٤، کولاژی کاغەزی paper cllage





فهمت بارزانی

فهمت رفعت فقی
لــه دایکبــووی ســاڵی ١٩٨٨ دانیشــتووی دەڤــەری بارزانــه، بروانــامەی بەکالۆریۆس لە یاساو رامیاری-بەشی رامیاری، بۆ ساڵی (٢٠١٠-٢٠١١ ) به دەســت هێنــاوه، لەســاڵی٢٠١٣ لەبەرێــوەبەرایەتی کاروبــاری شــەهیدان و ئەنفـالكراوانی بـارزان خزمـەتی کەسوکاری شـەهیدان و جینۆسـایدکراوانی دەڤەری بارزان دەکات.

# جینۆسایدی بارزانیەكان



بارزان سەرگۆرستانی بارزانیە جینۆسایدكراوەكان، لە چاوەروانی كور و باوك و هاوسەرە جینۆسایدكراوەكەیدا، كام ڕوفات هی كەسوكاریەتی ئایا ئەمانەن یاخۆد ئێسكەكانیان هێشتان لە بیابەكانی باشووری عێراقدان؟



وێنـەی دوو منـدالی ئێزیـدی لـە دەروازەی پیشـخابور لـەکـاتی ڕزگـاربون لـە دەستی تیرورستانی ( داعش ) داوای گـەمارودانیان بۆمـاوەی زیـاتر لـە(١٠) ڕۆژ لە چیای شنگال بە بێ نان و ئاو خواردن و خۆراك.



دایکان لە چاوەروانیدا – جینۆسایدی بارزانیەکان









جیهان شیمال

جیهان شیمال ئیبراهیم لە دایكبووی ساڵی ١٩٩٤ پارێزگای دهوك
دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەكانی دهوك.
لە سەر خەبات و بەرگری و خۆراگری پێشمەرگە پێشانگایەكی تایبەتم كردەووە.

**ناوی تابلۆ: پێشمەرگە لە جیاتی هەموو جیهان ریگری لە جینۆساید و تیرۆر دەکات.** قەبارە (١٠٠ × ١٢٠) - پێکهاتە: ڕەنگی زەیتی







## ناوی تابلۆ: شەهید نامرن ( شەهیدی قارەمان مەغدید هەرکی )




jehan.sh.












سمیه شێروان محمد طه
له دایکبووی ساڵی ١٩٩٧ دانیشتووی شاری دهوك
دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی دهوك.
پێشمەرگە و بەرگریکردن لە خاك و نیشتمان



پێشمەرگە و بەرگریکردن لە خاك و نیشتمان





جینۆسایدی سەدەی بیست و یەکەم







مریم بارزانی

## ناوی تابلۆ: تراژیدیای جینۆسایدی شنگال



## ناوی تابلۆ: جینۆسایدی بارزانیەکان



## ناوی تابلۆ: شەهید هوجام و تیرۆستانی داعش



## ناوی تابلۆ: ژیان لە ژێر سایەی پێشمەرگەدا



# ناوی تابلۆ: ئەشکەنجەدان لە زیندانەکانی بەعس دا



## ناوی تابلۆ: داعش و بەكوێلەكردنی ئافرەتانی ئێزیدی



# ناوی تابلۆ: داعش و دستدرێژی کردنە سەر ئافرەتان



# ناوی تابلۆ: هەڵەبجە و ژیانەوە



# ناوی تابلۆ: لە سێدارەدانی ئافرەتان





ڕێزان محمد

ڕێـزان محمد لـە دایكبـوی شـاری هـەڵەبجـەم، دە رچـوی پەیمانگـای هـونەرە جوانەكانی سلیمانیم، لە چەندین پیشانگا بەشداربوومە لـە سلیمانی و هـەولێر... لـەمان كاتیشدا شـاعیرم و چـە ندین كۆری شیعریم بۆ كراوە چەند دیداریكی تایبەتیشـم بـۆكراوە، لــە كەنــال و ڕاگەیانــدنەكان و لە چەنــد گوڤــاریكیش چاوپێكەوتنم بۆكراوە ئێستا لە هەولێر دادەنیشم مامۆستای بنەرەتیم.




TAZA



بەناز

بەناز شفیق رحیم، دەرچوی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بەشی وێنەکیشان، دانیشتووی شاری سلیمانی.





جیهان سعید محمد
ساڵادایك بونێ: ١٩٩٥
دەرچوویا پەیمانگەها هونەرین جوان دهوك


Jihan Saeed


ASHTE
AZADE
Kurd
NAMRN
Peshmarga



رويدا حسين

رويدا حسين، تەمەن ٢٢ ساڵ دانیشتووی شاری دهوك دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەكانی دهوك.



کۆڕەوی کوردان



کارێ گرافیك – گولان و چاپکرنا نزم





هونەرمەندی شێوەكار رویدا و دروستكردنی وێنەی پاپای فاتیكان







دایکێکی جەرگ سوتاو – ئێزیدی









# ئافرەت و قوربانی




Rowaeda














دروستکردنی وێنەی ئامادەکاری کتێب ( ڕێبوار) لە لایەن
هونەرمەندی شێوەکار رویدا حسێن



عادل حسنا – بارزانی

# جینۆسایدی بارزانیەکان
# دایکانی جەرگ سوتاو لە دیداری ئێسك و کەل و پەلی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان، دوای ٣١ ساڵ، هێنانەوەیان لە گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا







کیڤان بارزانی ( حەجی هوستانی)




## جینۆسایدی بارزانیەکان

سەیری روخساری ئەم شێرە ژنە بکەن لە چاوەکانی روحی سەدان مرۆڤی جینۆسایدکراوی بارزانی لە چاوەروانی دا بەدیدەکرێت، دایك لە چاوەروانی کورەکەیدا روخساری ماندوو شەکەتە...

ئەم وێنەیە تەواوی ژیانی کەسوکاری بارزانیە جینۆسایدکراوەکانمان بۆ دەخوێنێتەوە دەمان باتەوە ئەو سەردەمەی کە ئێمەی کور و کچ و کەسوکاری جینۆسایدی بارزانیان ئێستاشی لە گەڵدا بێت بە دوای ڕامان و وێنەی باوکمان دا دەگەڕێن .

چرچو لوچی دەم چاوی پێمان دەڵێت: سەردەمانێك لە بەرچاوی خەڵك و خوداوە مرۆڤی بارزانی جینۆساید و كۆمەڵكوژكراون.
لە زمانی شێوەكارەوە ( كیڤان بارزانی)

**دایك و بناغەی ژیان**

هەشت شیش لە پشت روخسارەكەوە بە واتای جینۆسایدكردنی هەشت هەزار مروڤی بارزانی.
سینگی دایكەكە و روخانی دیوارەكە، روخساری مروڤێكی جینۆسایدكراو بە لا تەنیشتەوە نیشان دەدات.
سەرو مل و جامانەی سوری بارزانیە جینۆسایدكراوەكان
ملی دایكەكە دیوار ە
دایك پەنجەرەیە لە چاوەروانیدا





ئەنفال - بەدار دروستکراوە



باوكی روحی نەتەوەیی كورد بارزانی نەمر




سەروان عیسی گەردی
پێشمەرگە و هونەرمەندی پەیکەرتاش

دوای ئەوەی دوامان لە هونەرمەندی شێوەکار و دەست ڕەنگین و پەیکەرتاش ( سەروان عیسی گەردی) کرد کە ئۆردووگایەکی زۆرەملێ بارزانیەکان لە دوای پروسەی جینۆساید و ئازا و مەینەتیەکانی ئافرەتان و مندالان و ئەو دەردە سەریانەی بەسەریان هاتوون دروست بکات و بیروکەی و شێوازی ئوردووگایەکەمان بۆ روونکردنەوە، ئەم گەنجە بارزانیە دەست رەنگیە بە شیوازیکی زۆر نایاب هەستا بە دروستکردنی ئەم ئۆردووگایە. ئەمەش بە مەبەستی زیاتر ناساندنی جینۆساید و ئازارەکانی رزگاربووان.

سوپاسی دەکەین کە پێشکەشی کردین و ئێستاش لە مۆنومێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان دانراوە.

ئەم وێنانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن لەم کارە، هەر هەمووی بە دەست و کەرەستەی بیناسازی دروستکراوە، بە وردەکاری زورەوە.









دەرگای مزگەوتەکانیش داخران





ئۆردووگای ئافرەت و منداڵان، بە بێ پیاو






دەرگای قوتابخانەكانیش داخران لە دوای جینۆسایدی بارزانیەكان





شێوەکارو پەیکەرتاش و کوره باوك جینۆسایدکراو (سەوری مستەفا شێروانی)

## تەسبیحی هەشت هەزار بارزانی جینۆسایدکراو

ئەمە کاری دەستی هونەرمەندیکی دەسترەنگین و کورە باوك جینۆسایدکراوێکی بارزانیە، هەمووی کاری دەستی یە لە دار قەزوانی دەڤەری بارزان درووستکراوە. لە حەوزێکی وەك گولداندا دانراوە مەبەست لێ بارزان تەریقەتە و میللەتەو حەوزێکی گەورەیە و چەند تیر و هۆز و عەشیرەت لە خۆ دەگرێت.

حەوت کوپال بەمەبەستی یەککرتنی ئارەزوومەندانەی حەوت عەشیرەت و هۆزی هاوپەیمانە، کە میللەتی بارزانیان پێکهیناوە ئەمانیش بریتین لە:( بەروژی، نزاری، شێروانی، دۆلەمەری، مزوری، گەردی و هەرکی بنەجێ).

هەشت هەزار دەنکە قەزوان بە دەست نەخشێنراوە و کونکراوە، بە واتای جینۆسایدکردنی هەشت هەزار پیاوی بارزانی لە ساڵی ١٩٨٣ و هەروەها دەنگە قەزوانەکان گەورە و بچوك و جوراو جورن بە واتای دەستگیرکردنی هەرەمەکیانەی رەگەزی نێری بارزانیەکان. لە چوارچێوەی جامانەی سور، بەواتای رەمز و کەرامەتی بارزان و بارزانیەکان و هەر بەهۆی ئەم جامانە سورەوە هەشت هەزار مرۆڤی بارزانی بوونە قوربانی.



وێنەی تەسبیحەکە لە مۆنومێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان ـ ئامادەکاری کتێب ( رێبوار)




تەسبیحی هەشت هەزار بارزانی جینۆسایدكراو



وێنەی تەسبیحەکە و ئامادەکاری ئەم کتێبە ( ڕێبوار )



هونەرمەندی شێوەکار و پەیکەرتاش ئێحسان سلیم

ئەم وێنەیە لە دار دەرهێنراوە، بە وردەکاری زۆرەوە وێنەی ئامادەکاری کتێب ( ڕێبوار) و باوکی جینۆسایدکراوی ( ڕەمەزان عبدالله یاسین).



وێنەی هەرسێ شەهیدی شەڕی دژ بە داعش، كوڕەكانی دایكە عائیشە، كە ناسناوی دایكی شەهیدانی پێ بەخشرا، ئەم هەرسێ شەهیدە لە یەك شوێن و لە یەك چركە ساتدا شەهید بوون.
ئەم وێنانەش لە دار دەرهێنراون بە هونەرێكی جیاواز و دەست رەنگینیەكی زۆرەوە.





نووسەر ( ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی)

## نووسەر و پرۆژەی ناساندن و بە دیكۆمێنتكردنی جینۆسایدی كورد و كوردستان

•پرۆژەی ناساندن و بە دیكۆمێنتكردنی جینۆسایدی كورد و كوردستان، بیرۆكەیەكە لە لایەن توێژەرەوە لە چوارچێوەی توێژینەوە و نووسین و كار و چالاكی و پێشكەشكردنی بەڵگە و دیكۆمێنت و وێنە... لە بواری ناساندنی جینۆساید و بە دیكۆمێنتكردنی.
•هەوڵدانی توێژەر بۆ ناساندن و بە ئەكادیمیكردن و بە دیكۆمێنتكردنی تاوانە یەك لە دوا یەكەكانن كە بە سەر كورد و كوردستاندا هاتوون لە (ڕاگواستن و بۆردوومانكردن و ئاوارەبوون و كۆمەڵكوژی و ئەنفال و لە سێدارەدان و سوتاندنی ژینگە و جینۆساید بە هەموو جۆرەكانیەوە).
•هەموو ئەو كتێب و توێژینەوە و بەڵگە و وێنانەی توێژەر بە خۆڕایی و بە بێ بەرامبەرن.
•ئەم بەرهەم و بیرۆكانەی توێژەر، ئەوانەی بڵاوكراونەتەوە و ئەوانەی لە داهاتوودا ئەگەر خوا یاوەر بێت بڵاو دەكرێنەوە كڕین و فرۆشتنیان لە سەر نیە، پێشكەشە بە كەسوكاری قوربانیان.
•توێژەر، بە ئەرك و ماندووبوون و شەونخۆنی و هەوڵ و تێكۆشانی خۆی، ئەم پرۆژەی پێكهێناوە و بەرێوەی دەبات و بەردەوامیش دەبێت ئەگەر خوا یاوەر بێت.
•توێژەر خۆی یەكێكە لە ڕزگاربوانی پرۆسەی جینۆسایدی بارزانیەكان و لە ئۆردووگای زۆرەملێ قودس- قۆشتەپە لە ساڵی ١٩٨٢ لە دایكبووە و ژیانی لەم ئۆردووگایە و لە نێو كەسوكاری قوربانیان بەسەر بردووە، ئێستاش بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكانی بارزانە، سەر بە وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكانی هەرێمی كوردستان، ڕۆژانە خزمەتی كەسوكاری شەهیدان و جینۆسایدكراوان دەكات هەروەها سەرپەرشتیاری گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدكراوەكان و ئەو كەلوپەل و جل و بەرگانەی لە گۆڕەبەكۆمەڵەكان هێنراونەتەوە، ( مۆنۆمێنتی بارزانیە جینۆسایدكراوەكان)ە.
•دەرچووی زانكۆی سەلاحەددین كۆلیژی ئەدەبیات، بەشی كۆمەڵناسی یە.

### زانیاری كەسی

**١-ناوی چواری: ڕێبوار رمضان عبدالله یاسین**

**٢- ڕێكەوتی لە دایكبوون :** ١٩٨٢/٧/٢٤

**٣- شوێنی لە دایكبوون:** ئۆردووگای زۆرەملێ قودس لە قۆشتەپە سەربە پارێزگای هەولێر. باوكم و هەردوو باپیرە و دوو مام و دوو خال و ١٥٠ كەسی تر لە گوندەكەم لەگەڵ هەشت هەزار پیاوی بارزانی لە ساڵی ١٩٨٣ جینۆسایدكراوان.

**شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا:** گوندی بازێ - ناحیەی بارزان - قەزای مێرگەسۆر- پارێزگای هەولێر.

**٤- بڕوانامە :** بەكالۆریۆس

٥- **دەرچووی:** كۆلیژی ئاداب زانكۆی سەلاحەدین بەشی كۆمەڵناسی- ساڵی(٢٠٠٦ - ٢٠٠٧).

٦- **پسپوری و شوێن و پلەی كاركردنی ئێستا:**

- بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوانی بارزان، ( لەساڵی ٢٠٠٧ تا ئێستا).
- سەرپەرشتیاری مۆنومێنت و گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدكراوەكان، لە ساڵی ( ٢٠١١ تا ئێستا)
- نووسەر
- توێژەری كۆمەلایەتی (پێشكەوتوو).

٧- **باری خێزانداری:** خێزاندار، خاوەن ٤ مندالّ و لەگەل خێزان و دایكم دەژیم و تاقانەم لە برا.

٨- **موبایل:** ٠٧٥٠٤٤٧٢٢٧١

٩- **بواری داهێنان و پسپۆری و كارە خۆبەخشییەكان:**

- شارەزاو چالاكوان لە بواری جینۆسایدی گەلی كورد و كوردستان بە گشتی و بارزانیەكان بە تایبەتی و ئەنفال و كۆمەلكوژی و ڕاگواستن و قوربانیانی جینۆساید و شەهیدان، بوارەكانی مافەكانی مروڤ و كاركردنی مەیدانی لەسەر بەئەرشیفكردن و رزگاربوان و بەجێماوانی تاوانەكانی جینۆساید و تاوانەكانی جەنگ و تاوانە دژ بەمرۆڤایەتیەكان و كەیسە نەتەوەییەكان و نیشتمانیەكان. هەروەها شارەزا لە بواری بەدیكومێنتكردن و بەئەرشیفكردن.
- خاوەن ( ٢٢ ) بیست و دوو كتێبی چاپكراوم، كە تایبەتن بە جینۆساید و ئەنفال و ڕاگواستن و كۆمەلكوژی و تاوانە دژ بەمروڤایەتیەكان بەگشتی. هەروەها (٦) شەش كتێبی تریش ئامادەی چاپن. جگەلە لەمانەش دەیان توێژینەوەی مەیدانی و ئەكادیمی و زانستیم ئەنجامداون لە شێوەی ڕاپرسی و فورم، دواتر وەك تویژێنەوەی (مەیدانی و تیۆری) داتا و ئامارەكان سودیان لێ بینراوە و بلاوكراونەتەوە، ئەمە جگە لە سەدان بابەت و وتاری ڕۆژنامەوانی.

- دوو کتێب لەم بیست و دوو کتێبە چاپکراوانەم لە مەنهەجی خوێندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکارهاتوون و سوودیان لێبینراوە و ئێستا لە قوناغەکانی خوێندن ( لە پۆلی دەیەمی زانستی و وێژەیی و خوێندنی پیشەیی و پەیمانگایەکان) دەخوێندرێت.
- خاوەنی زیاتر لە (٤٥٠٠) بەلگەی جوراو جوری تایبەتن بە تاوانی دژ بەمروڤایەتیەکان و ئەنفال و جینۆسایدی کورد و کوردستان کە بەشێوازی نهێنی و ئاشکرا لە لایەن حکومەتی عێراق و چەندین ولاتی تر نووسراون.
- خاوەنی زیاتر لە (٦٠٠٠) وێنەی جوراوجوری تایبەت بەو تاوان و نەهامەتیانەی بەسەر گەلی کوردو کوردستاندا هاتوون.
- خاوەنی زیاتر لە (١٨٠٠) چاوپێکەوتی چڕ و تێر و تەسەل لە سەر بەجێماوان و رزگاربووانی جینۆساید و ئەنفال و کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی جەنگ و تاوانە دژبە مروڤایەتیەکان.
- سودێکی زۆر لە بەلگە و وێنە و کتێبەکانم بینراوە (لە داگادی بالأی تاوانەکانی عێراق دژ بە تاوانبارانی ناو قەفەس لە کەیسی جینۆسایدی بارزانیەکان) هەروەها ئەندام بووم لە کەیسی جینۆسایدی بارزانیەکان و کاری سەرپەرشتیکردن و رێکخستن و دەستنیشانکردنی گەواهیدەران و شایەدحال مان ئەنجامدەدا.
- تا ئێستا هاوکاری زیاتر لە (٨٠) قوتابیم لە سەرانسەری کوردستان (لە زاخو تا هەڵەبجە)کردووە بەمەبەستی( دەسنیشانکردنی گرفت و باس و بەرنامە و پلانی بەحس تخرج) لە بوارەکانی جینۆساید و ئەنفال و جور و قوناغەکانیان، بە پێشکەشکردنی زانیاری و وێنەو بەلگە و کتێب، هاندانیان.
- لە مۆنومێنت و گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان پێشوازیمان لە زیاتر لە(٧٥٠٠٠)حەوتاو پێنج هەزار کەس کردووە، لە نزیکەوە لە شێوەی سیمنار و شیکردنەوە و راڤەکردنی ڕاگواستن و ئەنفال و جینۆساید و جۆرو قوناغەکانی و نەهامەتی و ئازارو ئەشکەنجەکانی دوای جینۆسایدی بارزانیەکان بە میوانان و مروڤدوستان و پێشکەشکردنی بەلگە و کتێب و زانیاری پێویست، میوانانی ناوخۆ و

دەرەوەی وڵات هەندێك لەوانەی پێشوازیمان لێكردون لە ناو خوی وڵات: ( سەروكی هەرێم و سەروكی حكومەتی هەرێم و وەزیران و ئەندام پەرلەمانان و ڕۆژنامەنووسان و قوتابی و هاوڵاتیان و كەناڵەكانی ڕاگەیاندن ... هتد)، ئەوانەی دەرەوەی وڵاتیش: (چەندین قونسول و باڵیوز و وەفد و ستافی بیانی و ئەندام پەرلەمان و شاندی قوتابیان و ڕۆژنامەنووسان و  كەناڵەكانی ڕاگەیاندن).

ئەمەجگە لە چاوپێكەوتن باسكردنی ئەم نەهاماتیانەو و زانیار و ڕاڤەكردنی ئەم تاوانانە بۆ راپورتی رۆژنامەوانی و كەناڵەكانی راگەیاندنی بیانی، لەچەندین بەڵگە فلم و راپورتدا بەشداربوومە، كە بەمەبەست ناساندنی ئەم تاوانانەیە، بەگشتی ئەم مۆنومێنتە وەك پردێكی ناساندنی جینۆسایدی بارزانیەكان بە دەرەوەی وڵاتی لێهاتووە.

**١٠- ئەو پرۆژانەی داهێنراون:**

- دوای ئەوەی چەندین بەڵگە و وێنە و دیكۆمێنت و جل و بەرگ و كەرستەی ئەنفالكراوان - بارزانیە جینۆسایدكراوەكانم پێشكەش بە وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكروان كرد و موزەخانە و  مۆنومێنتی بارزانیە جینۆسایدكراوەكانی لێ بەرهەم هات. دواتر جل و بەرگ و كەلو پەلی گۆڕە بەكۆمەڵەكانیش لەم هولأنەدا دانران و لەو كاتەوە واتا ساڵی ٢٠١١ تا ئێستا بە بەردەوامی رۆژانە لەپێشوازی میوانان و ئازیزانداین. بووەتە موزەخانەیەكی نیشتمانی و پردێكی ناساندن.
- لە ساڵی ٢٠١٧ موزەخانەی (لە شەهیدانی رێگای نیشتمانەوە) كە پیكهاتووە لە كەرەستە و جل و بەرگ و یادگاری شەهیدانی شەری دژ بە داعش، پێشكەشم بە بەرێوەبەرایەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوانی بارزان كرد. وەك موزەخانە لە هوڵی ئەم بەرێوەبەرایەتیە دانراون و لە پێشوازی ئازیزانداین.

شایەنی باسە ئەم هەموو كەرەستە و بەڵگە و دیكۆمێنت و جل و بەرگانە بەرهەمی كتێبەكانمن و چونكە كاتێك كتێب یان توێژینەوەیەك ئەنجام دەدەم جگە لە نووسین كەرەستەو كەلو پەلی قوربانیانم لە خانەوادەی شەهیدان وەردەگرت و وەردەگرم.

- لەماڵەوەش موزەخانەیەکی تایبەت بەجینۆساید و ئەنفال و یادگاری و جل و بەرگ و بەڵگە و هەروەها موزەخانەیەکی کولتوری و کەلەپوریم داناوە و لەپێشوازی فوتابیان و میوانان و نووسەران و گەنجانداین.
- جگەلەمانە هەموو کتێبەکانم بە دیاری پێشکەش بە خوێنەران کردووە و هەروەها وێنە و بەڵگە و دیکومێنتەکان، واتا وەك کارێکی خۆبەخشی بۆ هەموو ئەو پرۆژە و کارانەی کەباسمان کردن.

**١١-ئەو بوارانەی پێشتر خەڵات و ڕێزلێنان و سوپاسنامەم بە دەستهێناوە:**

- لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمی لە چوارچێوەی کتێب.
- لە بواری جینۆسایدی گەلی کورد و کوردستان.
- وەك تویژەری کۆمەڵایەتی.
- وەك بەرێوەبەرێکی سەرکەوتوو.
- وەك هاوڵاتیەکی خۆبەخش.
- وەك نووسەر و چالاکوانێك.

بە دەیان سوپاسنامە و ڕێزلێنانن، خەڵات و ڕێزلێنان و سوپاسنامەکان لە لایەن ( سەروکی هەرێم و سەروکی حکومەت و گشت وەزیرەکانی شەهیدان لە ساڵی ٢٠٠٧ تا ئێستا و ڕێکخراو و فەرمانگە حکومی و حزبی ناحکومیەکان و ڕێزلێنانی کەسوکاری شەهیدان و چەندین زانکوی هەرێمی کوردستان... سوپاسنامەکان ناخۆیی و بیانین).

- هەروەها چەندین توێژینەوە و سیمنارم بۆ زانکو پەیمانگایەکانی کوردستان و ڕێکخراو و سەنتەرەکان و هاوڵاتیان و کەسوکاری قوربانیان ئەنجامداوە بە تایبەت لە یاد و مەراسیمەکانی تایبەت بە پرسە نەتەوەیەکان و جینۆساید و ئەنفال. جگە لە چەندین پێشانگای جوراو و جوری تایبەت بەم بوارە. هەروەها بۆ چەندین ڕێکخراو کارم کردووە و ئەندام بوومە تیایاندا.

## پەرتووکە چاپکراوەکانی نووسەر و توێژەری کۆمەڵایەتی ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

### کتێبی یەکەم

١- ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانیەکان بۆ باشووری عێراق لە سەردەمی بەعسدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩
توێژینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی و تیۆری و پراکتیکیە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ١٩٣ ) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٢١٠٩) لە بەڕیوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠٠٩ ی دراوەتێ.
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ باس لە سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان دەکات، لە ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە و ڕاگواستنیان بە چەند قۆناغێك بۆ ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی دووروبەری شارەکان و بیابانەکانی باشووری عێراق و نیشتەجێکردنیان لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی تایبەت بە بارزانیەکان وەکو(( دیانا و حریر و بەحرکە و گۆرەتوو و قوشتەپە -قدس و قادسیە-)) بە بیانووی پێشینەی ئەمینی لە سەر سنوورەکان و دروستکردنی ئۆردووگای کشتوکاڵی هاوچەرخ و ... هەروەها کۆنترۆڵکرنی گوندنشینان و دواتر وێرانکردن و تەقاندنەوەی گوندەکان و ڕاگەیاندنی ئەو ناوچانە بە ناوچەی قەدەغەکراو، سڕینەوەی ژیان بە هەموو ڕەگەزە زیندووەکانەوە لەم گوندانە. دواتر دەستگیرکردنی نێرینە بارزانیەکان و جینۆسایدکردنیان لەم ئۆردووگا زۆرەملێیانە، بەم شێوەیە سەرەتا (بارزانیەکان دەستنیشانکراون، پاشان کۆکراونەتەوە لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان، دواتر دەستگیرکراون و زیندەبەچاڵکراون) وەك هەمان ڕێباز و بیرۆکەی نازییەکان لە سەردەمی هیتلەر لە نموونەی هۆلۆکۆست.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
ڕاگواستنی بارزانیەکانیش لە ساڵی ١٩٧٥ بۆ باشووری عێراق بەشێك بوو لە پرۆسەی جینوسایدکردنی گەلی کورد کە بە بەرنامەیەکی چڕو توکمە پلانیان بو دارشتبوو. ئەمەش تەنها گواستنەوە نەبوو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بەڵکو زیاتر لە ماناو ڕەهەندێك لە خودەگرێت، باکگراوندێکی سیاسی و کەلتوری و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە پشت ئەم پروسەیەوە بوو.
لە هەمانکاتدا توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە چوارچێوەی فۆرمێکی ڕاپرسی لە نێو کەسوکاری بارزانیە ڕاگوێزراو و ئەنفالکراوەکان کە (١٠٠) کەس وەك نموونە وەرگیراون.
لە پاشکۆی ئەم کتێبەش کۆمەڵێك بەڵگە و وێنەی تایبەت بەم پرۆسەیە هاوپێچ کراون.

### کتێبی دووەم

٢- بارۆڤی لە ناوبردنی بارزانیەکان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٠

توێژینەوەیەكی تیۆری و پراكتیكی و مێژوویی و سۆسیۆلۆجیە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم له ( ٢٩٦ ) لاپەڕە پێكهاتووە.
ژمارەی سپاردن:(٧٩٢) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتیەكان (ساڵی (٢٠١٠) ی پێدراوە.
ناوەڕۆكی ئەم كتێبە/ توێژینەوەیەكی مەیدانییە لە نێو كەسوكاری بارزانیە جینۆسایدكراوەكان لە سەرانسەری كوردستان ئەو شوێنانەی بارزانیەكان لێی جینۆسایدكراون و بەجێماوی بارزانیەكان تیایدا نیشتەجێن، كە (١٢٥) كەس وەك نموونە وەرگیراون و توێژینەوە لە سەر كەسوكاریان بە شێوەیەكی ئەكادیمی كراوە، ڕەهەندە كۆمەڵایەتی و دەروونیەكانیان نیشاندراون، كۆمەڵێك ئەنجام و ڕاسپاردە خراونەتە ڕوو.
لەم كتێبەدا چۆنیەتی دەستگیركردن و قۆناغەكانی ئەنفالكردنی گەلی كورد لە كوردە فەیلیەكان و بارزانییەكان و ئەنفالی (١٩٨٧-١٩٨٨) و كیمیاباران و ... هتد ڕوونكراونەتەوە، قۆناغەكانی جینۆسایدكرنی بارزانییەكان لە ساڵی (١٩٨٣) خراوەتە ڕوو، كۆمەڵێك بەڵگە و وێنەی تایبەت بەم تاوانە توێژینەوەیان لە سەر ئەنجامدراوە.
لە بەشێكی پێشەكی ئەم كتێبەدا هاتووە:
ئەو بارزانیانەی كۆمەڵكوژكران هەموویان خەڵكی بێ تاوان و سڤیل و بێ چەك بوون هیچیان لە حكومەت نەدەویست، بە لایانەوە گرنگ نەبوو كارەبا و ئاو و ڕێگای قیرتاو... دەگاتە ئۆردوگا زۆرەملێیەكانیان یاخۆد نا؟ بەردەوام خەریكی كرێكاری و كاركردنی ڕۆژانەی خۆیان بوون.
هەروەها بەشێكە لە نامەی بەكالۆریۆس پێشكەش بە زانكۆی سەلاحەددین كۆلێژی/ ئەدەبیات/بەشی كۆمەڵناسی كراوە، بەسەرپەرشتی م/یوسف دەزەیی و هەڵسەنگاندنی لە لایەن م/ ڕێبوار سیوەیلی و م/ مراد حكیم...

## كتێبی سێیەم

٣- مێژووی جینۆسایدكردنی بارزانیەكان لە سەدەی بیستەمدا، بە بەراورد لە گەڵ ڕێككەوتننامە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەكان، چاپی یەكەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١١
توێژینەوەیەكی مێژوویی و سۆسیولۆجی و بەراوردكاری و دیكۆمێنتارییە
بە قەبارەی / وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم له ( ٨٦٤ ) لاپەڕە پێكهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٧٩٣) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانەكان ساڵی (٢٠١١) ی دراوەتێ
ناوەڕۆكی ئەم كتێبە/ توێژینەوەیەكی مێژوویی دیكۆمێنتاری بەراوردكارییە، بەراوردی پەیماننامە نێوخۆیی و نێودەوڵەتیەكان لەگەڵ ئەو تاوان و ڕووداوانەی بەسەر بارزانیەكان هاتوون لە سەدەی بیستەمدا، لە وێرانكردن و ڕاگواستن و بۆردوومانكردن و جینۆسایدكردنی بارزانیەكان، هەروەها زۆر بە چڕوپڕی پانۆرامای ئەم كارەساتانەی بەسەر بارزانیەكاندا هاتوون خراونەتە ڕوو، بەراوردكراون لە گەڵ ئەم ڕێكەوتنامانە لە سەردەمی شێخ عبدالسلام ەوە تاكو كۆڕەوی ساڵی (١٩٩١)، زیاتر لە (٨٠) بەڵگەنامەی تێدایە لە سەردەمە جیاجیاكانی سەدەی بیستەم، كە لە لایەن چەندین وڵات و بە پلانی

چەندین وڵاتی تر بەرنامە و پلان بۆ لە نێوبردنی بارزانیەكان دارێژراون. جگە لەمانەش كۆمەڵێك وێنەی جۆراو جۆری سەردەمی تاوانەكان وەك شایەتحاڵ هاوپێچ كراون...
لە بەشێكی یەكێك لە پێشەكییەكانی ئەم كتێبەدا هاتووە:
بۆردوومانكردن، سوتاندن، بەمینكردن، لەناوبردن، كۆشتنی بە كۆمەڵ، ئاوارەبوون، ڕاگواستن، جینۆسایدكردن، كیمیاباران، وێرانكردن، ڕۆخاندنی گوند، خانوو، مزگەوت و قوتابخانە و ... هتد، ئەمانە هەمووی وەڵامی حكوومەتە یەك لە دوا یەكەكانی عێراق بوون بەرامبەر بارزان و بارزانیەكان، تەنیا لە بەر ئەوەی داوای ماف و ئەرك و سەربەخۆیی خۆیان دەكرد وەڵامی ڕاپەریوان بریتی بوو لە زیندانیكردن و لە سێدارەدان و زیندەبەچاڵكردن و بە كۆمەڵ كوشتن بەبێ جیاوازی لە نێوان كەڕ و لاڵ و كوێر و كەم ئەقل و پیر و نەخۆش و كەم ئەندام و منداڵ و ئافرەتی سكپڕ ...هتد، بوو.

## كتێبی چوارەم

٤- لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە، چوار ئەفسەری قارەمان، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری-هەولێر/ ٢٠١١
توێژینەوەیەكی مێژوویی و دیكۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٢٧٢) لاپەڕە پێكهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٢٤٥٠) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانەكان ساڵی (٢٠١١) ی دراوەتێ
ناوەڕۆكی ئەم كتێبە/ باس لە سەردەمی ساڵانی (١٩٤٣-١٩٤٧) دەكات واتە شۆرشی دووەمی بارزان و ئاوارەبوون و بەشداربوونی بارزانییەكان و ئەفسەرە كوردەكان لە دامەزراندنی كۆماری مهاباد و لە وەزارەتی پێشمەرگە (جەنگ)ی ئەم كۆمارە و لە ژێر فەرماندەی هێزی بارزانیان و ژیان و بەسەرهات و خەباتی قوربانیدان هەرچوار ئەفسەر(عیزت عبدالعزیز و خیرالله عبدالكریم و ﷴ محمود قودسی و مستەفا خۆشناو) ئازایەتی و قارەمانیەتیان... چەندین بەڵگە و دیكۆمێنتی تایبەت بەم چوار ئەفسەرانە توێژینەوەیان لە سەر كراوە لە دووتوێ ئەم كتێبەدا...
لە بەشێكی پێشەكی ئەم كتێبەدا هاتووە:
لەم توێژینەوەیەدا كەسایەتی و ڕۆل و قارەمانیەتی هەرچوار ئەفسەر خراوەتە ڕوو، هەر یەكەیان سەرەرای قارەمانیەتیان وەك ئەفسەر، بە دیوەیكی تردا ئارەز و ئۆمێد و خزمەتكردنیان لە بوارەكانی تری ژیاندا باسكراوە، بۆ نموونە؛ محەمەد مەحمود قودسی زیاتر وەك ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەوانێك، جگە لە شارەزایی لە بوارەكانی جەنگدا، كە چون بە پێنوسەكەی بەرگری لە خاك و نیشتمانەكەی كردووە، خەیروڵلا عەبدولكەریم، خۆشی و ژیان و تەنانەت ئەلقەی دەزگیرانیەتی و سۆز و میهرەبانی دایكی، فیدای خاك و نیشتمانەكەی كرد، مستەفا خۆشناو لە هەردوو ڕووەوە وەك ئەفسەرێكی شارەزا و لێهاتوو، عیزەت عەبدولعەزیز وەك ئەفسەرێكی خانەنشینكراو و سیاسەتمەداریكی پایە بەرز، لە دانوستان و گفتوگویەكاندا.

## كتێبی پێنجەم

٥-جینۆسایدكردنی بارزانیەكان لە چەند بەڵگەنامەیەكدا، بە هەرسێ زمانی كوردی -عربی -ئینگلیزی. چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، ٢٠١٢
توێژینەوەیەكی دیكۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ ١٥ سم × ٢١,٥ سم ل (٤٨) لاپەڕە پێكهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٩٨٧) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانەكان ساڵی (٢٠١٢) دراوەتێ
ناوەڕۆكی/ تایبەتە بە چەند دیكۆمێنتێك لە لایەن حكومەتی بەعسی عێراقی لە ساڵی ١٩٨٣ و جینۆسایدكردنی نێرینە بارزانیەكان لە ئۆردووگا زۆرەملێیەكان و دەستگیركردن و بە كۆمەڵكوشتنیان، وەرگێرانیان بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و هاوپێچكردنی كۆپیەكی دەقە ئەصلیەكە بە زمانی عەرەبی... یەك بەشە.
لە بەشێكی پێشەكی ئەم كتێبەدا هاتووە:
قوربانیەكان بارزانیە گوندنشین و جوتیار و ئاژەڵدارەكان بوون، بكەری تاوانەكەش حكوومەتی عێراقە بە پلە یەك، تەنیا و تەنیا لە بەر ئەوەی خۆدای گەورە بە كورد و بە بارزانی خوڵقاندوونیەتی، ئینجا كە وەك هەر مرۆڤێكی تری سەر ئەم زەمینە داوای نەتەوە و خاك و ئاین و زمان و بوونی خۆیانیان كردووە.
بەرهەمی ئەم نامیلكەیە و كتێبەكانی ترم ( كە لە یادگاری و كەلوپەل و بەڵگە و وێنەی جینۆسایدكراوان پێكدەهات) بوون بە بەرهەمی پرۆژەیەك پێشكەشم كردن بە حكۆمەتی هەرێمی كوردستان - وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان - بەڕێوەبەرایەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكانی بارزان، كە پێكهاتوون لە زیاتر لە شەش هەزار وێنەی جۆراوجۆری تایبەت بە جینۆسایدی بارزانیەكان و زیاتر لە چوار هەزار و پێنج سەد بەڵگە و نامە و دیكۆمێنتی جۆراوجۆری تایبەت بە بارزانیەكان و كۆمەڵێك كتێب و بابەت و توێژینەوەو فلمی دیكۆمێنتاری، بێ بەرامبەر و خۆبەخشانە پێشكەش كران بە روحی پاكی جینۆسایدكراوان و كەسوكاری قوربانیان و توێژەران و مرۆڤدوستان و نەوەكانی داهاتوو...
خۆشبەختانە ئەو بەشەی ئەم پرۆژەیە لەلایەن وەزارەتی كاروباری شەهیدانەوە پێشوازی لێكراو لە ساڵی ٢٠٠٨ لە لایەن وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوانی ئەوكات خاتوو (چنار سعد عبداللە) بەردی بناغەی دانراو چەند هۆلێك بۆ ئەم مەبەستە دروستكران، لە ساڵی ٢٠١٢ ش لە لایەن وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكانی ئەوكات بەرێز (م. ئارام) بەرز نرخێندرا و چەندین پێداویستی و كەل و پەلی پێویست بۆ هۆلەكان دابین كران و كرایە دەزگایەكی ڕەسمی بە ناوی(( ژووری ناساندن و بە دیكۆمینتكردنی جینۆسایدی بارزانیەكان - مۆنۆمینتی بارزانیە جینۆسایدكراوەكان)) بۆ بە بەشێك سەر بە بەڕێوەبەرایەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوانی بارزان - وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان، لە ڕێكەوتی ٢٠١٢/١٠/١٧ بەڕەسمی كرایەوە، كە ئەم ڕۆژەش هاوكاتە بە ساڵڕۆژی هێناوەی ڕوفاتی (٥٠٣) لە جینۆسایدكراوان بۆ شوێنی ڕەسەنی

خۆیان لە بارزان کە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/١٠/١٧ هێنرابوونەوە، ئەوەی شایانی باسە و جێگای شانازییە بۆمن کە لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٣/٦ دوای ئەوەی روفاتی (٩٣) کەسی تر لە بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لە گۆڕەبەکومەڵەکانی باشووری عێراق و لە بیابانە پان و بەرینەکەی سەماوە و لە سێکوچکەی سنووری نێوان ( عیراق - سعودیە و عێراق - کوێت) هینرانەوە بارزان و لە هەمان گۆڕستانی تایبەت نێژرانەوە و کەلوپەل و جلوبەرگی جینۆسایدکراوانیش لەم شوێنە و لەم مۆنۆمێنتە دانران و بەبەردەوامی کەسوکاری شەهیدان و هاوڵاتیان و ڕۆژنامەنووسان و قوتابیان ... هتد و لە سەر ئاستی ناوخۆ ( بەرێز سەروکی هەرێمی کوردستان و سەروکی حکومەت و ئەندام پەرلەمانان و زۆربەی هەرە زۆی دام و دەزگا حکومی و حزبی و مەدەنیەکانی کوردستان هاتوون لە نزیکەوە ئاشنای جینۆسایدی بارزانیەکان بوونە، لە سەر ئاستی دەرەوەش بە دەیان بالیۆز و کۆنسول و ئەندام پەرلەمانان و ڕۆژنامەنووس و قوتابیان و مرۆڤدوستان سەردانی ئەم شوێنەیان کردووە و دەکەن.

جگە لەمەش لە ساڵی ٢٠١٦ من و ستافیکی فەرمانبەرانی بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان بۆ ئەم ژوورە ئەم شوێنە دەستنیشانکراین سەرەرای کارەکانمان و ڕۆژانە لە بەیانیەوە تا ئێوارە لە خزمەت و پێشوازی میوانانداین بە ڕۆژە پشووە و هەینیەکانیشەوە.

ئەوەی من دڵخوش دەکات ئەوەیە کە ئەم پرۆژەیە بەرهەمی نووسین و کتێبەکانم بووە ئێستا بووەتە مولکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی، بۆمن وەك کورە شەهیدێك جێگای شانازییە.

## کتێبی شەشەم

٦- شەهیدە بێ ناسنامەکان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، بۆ یادی بیست و پێنج ساڵەی.

جینۆسایدی گەلی کورد، لە دووبەرگدا / ٢٠١٣

توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە

بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢٫٥ سم لە(٥٠٥) لاپەڕە پێکهاتووە

